# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی حەوتەم ژمارە (159) بەروارى 15–1–2024 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## " شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان"

## دەربارەی گرنگیی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی ئاشکرا


بەشی دەهەم... ل9

## وتەی ژمارە

## پرسی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم، خولێکی تری ململانێی بەغدا و هەرێم!

**عەبدوڵا مەحمود**

لە خولێکی ترداو لە ساڵی نوێدا، جارێکی تر ململانێی بەغداو هەرێم لەسەر پرسی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم دەستی پێکردەوە. دیارە ساڵی رابردووش کێشەی بودجەو شایستە داراییەکانی هەرێم و قەرز، لایەنێکی سەرەکی ناو ململانێکانی نێوان دەسەڵاتی سیاسی بەغدا و هەرێم بوو.



ئەمساڵیش وەکو ساڵانی رابردوو پرسی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم و هەمواری یاسای بودجە و قەرز... تاد، بۆتەوە سەر خەت و سەرەتای دەورەیەکی تری ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا. ململانێی ئەمساڵی بەغداو هەرێم لەسەر پرسی موچەو هەمواری یاسای بودجە و قەرز... لەگەڵ ئەوەدا لە درێژەی ململانێکانی ساڵانی رابردوودایە، بەڵام هاوکات لەهەلومەرجێکی تەواو جیاوازدا دەچێتە پێشەوە.

ئەگەر ساڵانی رابردوو پرسی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم، تەنها لایەنێک و گۆشەیەک لە ململانێی نێوان بەغداو هەرێم بوو، لەناو دەیان کێشەی تری وەکو پێشمەرگە، سەرژمێری، سنور، کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان، دادگای فیدراڵی و بڕیارەکانی، پۆست و دەسەڵات...تاد ئەوا ئێستا پرسی موچە بۆتە لایەن و پرسێکی سەرەکی.

هەژموونی دەسەڵاتی ناوەندی لە راستای قوتبیکردنەوەی دەسەڵات و چەسپاندنی فیدرالیزم، توانیویەتی بەشێک لە رێگری و لەمپەرەکانی بەردەمی خۆی، لاببات و ئەم رەوەندەش درێژەی هەیە. دیارە ئەم رەوەندو ئاراستەیە تەنها رووی لە دەسەڵاتی بۆرژوازی هەرێم نییە، بەڵکو رووی لەهەموو ئەو لایەن و رەوتە سیاسیانەیە، کە ئاراستەی پێچەوانە یان ناکۆکیان بە باڵادەستی سیاسی ئێستا لە دەسەڵاتی سیاسی دا هەیە. چۆن ناسیونالیزمی کورد ناچار بە پاشەکشە کراوە، ئاواش ناسیونالیزمی سوننەی عەرەبی کەوتۆتە بەردەم هەژموون و دەسەڵاتی شیعەی سیاسی. تەنانەت ئامرازو پێکهاتە سێبەرەکانی ئەو رەوتانە لەبەردەم ئەم ئاراستەیەدان.

تا ئەوەندەی بە پرسی موچە و شایستە داراییەکانی هەرێم دەگەڕێتەوە، هەمواری یاسای بودجە، بە مانای چاوخشاندنەوەیەکی هەمەلایەنەیە بەسەر...

بۆ لاپەڕە 2

## وەزیری پەروەردە: وەڵامی خواستەکانتان نادەینەوە...

## مامۆستایانی نارازی: فریوی بەڵێنەکانتان ناخۆین و بەردەوام دەبین...



دوای زیاتر لە سێ مانگ دواکەوتنی دەستپێکردنەوەی خوێندن بەهۆی بەهۆی بێدەبەستی دەسەڵات و خۆدزینەوە لە وەڵامدانەوە بە مامۆستایان و وانەبێژان، لەم رۆژانەدا وەزیری پەروەردە رایگەیاند کە دوو لەخواستەکانی مامۆستایان و وانەبێژان لەوانە: دەستپێکردنەوەی پلە بەرزکردنەوەی و گرێبەستکردنی وانەبێژان... بریاری لێدراوە، بەڵام دوای هەمواری یاسای بوجەی فیدرالی و ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان...

بۆ لاپەڕە 3

## مانگرتنی سەدان نانەواخانە لە هەولێر، هەڵگری چ پەیامێک بەدەسەڵات بوو؟



دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم!! بریاری هەرزانکردنی نرخی نان و سەموونیدا، کاردانەوەیەکی خێرایی نانەواخانەکانی بەدوای خۆیدا هێنا و لە یەک کاتدا سەدان نانەواخانە دەستیان لەکار هەڵگرت.

مانگرتنی کریکارانی زیاتر لە ٦٠٠ نانەواخانە لە زۆنی زەردی پارتیدا، لەیەک کاتدا بۆ رەتکردنەوەی بریاری هەرزانکردنی نرخی نان و سەموون، بی هیچ جۆرە هاوکارییەکی حکومەت، لە دابین کردنی سوتەمەنی و کەم کردنەوەی باج و

بۆ لاپەڕە 3

## فیلمی ٨٨ فیلمی بچووکردنەوەی هەڵەبجە...ل8




## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* لە پەراوێزی پرۆسەی دارمانی سیستمی تاك جەمسەری لە خاکی ئۆکرانیادا.........ل4

* راپۆرتێك سەبارەت بە دۆخی کرێکاران لە کارگە پیشەسازییەکاندا........................ل4

* سەردەمی شۆڕشی بەردەوام ....................................................................ل6

* خۆشباوەری بە هەڵبژاردن...هەڵبژاردن و گۆڕانکاری............................................ل7

* ئامانج و لێکەوتەی هێرشە درۆنیەکان چییە؟.......................................................ل10


## دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بەکوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان"



هاوڕێ سەمیر نوری وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...

ل11_12


پرسی رۆژ ل5

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8_9

# درێژەی وتەی ژمارە

پرسی داهاتی نەوتی و نانەوتی هەرێم، ژمارەی موچە خۆران، لایەنی یاسایی ئەم مەسەلەیە. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە لە زەمینەی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمدا، بەغدا لە چوارچێوەی هاوسەنگیەکی تازەدا مامەڵە لەگەڵ هەرێم دەکات.

بەغدا چیتر ئامادەنییە بودجە بۆ هەرێم بنێرێت بەبی یەکلاییکردنەوەی دۆسییە داراییەکان و قەرزەکانی پیشوو، بەبی شەفافیەت لە ئاماری موچەخۆران، بەبێ خستنەرووی داهاتی ناوخۆیی و خاڵە سنورییەکان...تاد، ئەمەش گورزیکی کوشندە لە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دەدات. چونکە ئۆردوی موچەخۆری بن دیواری حزبی و لەشکری خانەنشینی ساختە لە داهاتی بەغدا بێبەش دەکات و دەسەڵاتی هەرێم ناچار دەکات، پاکنووسی لەو لیستەدا بکات.

جیا لەوانە بەغدا دەیەوێت چاو بە دۆسیەکانی ساڵانی رابردووی فرۆشتنی نەوت و داهاتە ناوخۆییەکان و ئەو قەرزانەی داویەتی بە دەسەڵاتی هەرێم، بخشێنێتەوە و دواتر بڕی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم، بڕیار لێبدات. ئەمەش پرۆسەیەکی سەخت و لەوەش زیاتر گورزێکی زۆر گەورە لە دەسەڵاتی تالانچی هەرێم دەدات و لەو نێوەشدا، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش و بەتایبەتیش موچەخۆران باجی سەرەکی ئەم دۆخە دەدەن. دەسەڵاتی سیاسی هەرێم نایەوێت و بە قازانجی نییە دۆسیەی ساڵانی پیشوو بەتایبەتی هەرزان فرۆشکردنی نەوت و پرسی داهاتە نانەوتیەکانی هەرێم و تالانچێتی کۆمپانیا حزبیەکان... هەڵ بدرێتەوە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دەخاتە ژێر قەرزێکی زەبەحەلاوە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە فرۆشتنی نەوتدا لەماوەی چەند ساڵیکدا، لە جیگای ئەوەی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و خزمەتگوزارییەکان و لەوەش زیاتر پێگەی سیاسی دەسەڵاتەکەی، بەهیز بکات و ژێرخانی ئابورییەکی تۆکمە بنیات بنێت، کەوتۆتە ژێر قەرزێکی دەیان ملیار دۆلارییەوە، و نەوت بەمانای وشەکە، گرێ بەرداوەتە جەستەی دەسەڵاتداریەکەی و خەڵکی کوردستانی خستۆتە ژێر قەرزێکی دەیان ساڵەوە.

ئەم دۆخە نەک ناتوانرێت راست بکرێتەوە، بەڵکو بەغدا ناچار بەوە دەکات مامەڵەیەکی تر لەگەڵ پرسی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم بکات و تەنانەت لە پێدانی قەرز بەدەسەڵاتی هەرێم دەست هەڵبگرێت. ئەو مامەڵەیەی بەغدا دەتوانێت دەستی بۆ ببات، بە ئەلیکتریزەکردنی دابەش کردنی موچەو مەرکەزی کردنەوەیەتی، کە ئەوە پرسی دابەشکردنی موچەی موچەخۆرانی هەرێم لەدەستی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد دەردەهێنێت و مانگانە موچە دەچێتە سەر حسابی بانقی موچەخۆرانەوە. ئەم پرۆسیسە هەر ئێستا دەستی پێکردووە، کە دیارە ئەوە تا رادەیەکی زۆر بۆرسەی بازارە کراوەکان و حەواڵەو مامەڵەکردن بە پارەو دراوی کاش بەرەو لاوازی و پوکانەوە دەبات. دیارە لەم پرۆسەیەدا لەگەڵ ئەوەدا خاوەن بانق و کۆمپانیاکانی سودێکی زۆر بە ڕێگایەکی زۆر سادەو یاسایی دەکەن، بەڵام دواخستنی موچە، کۆتایی پێدەهێنێت.

دەرهێنانی پرسی دابەش کردنی موچە لەدەستی حزبەکانی بۆرژوازی کورد، تەنها پرسێکی ئابوری نییە، بەڵکو پرسێکی تەواو سیاسییە و تەواوکاری ئەو پەڕو باڵ کردنەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە، کە بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ وە دەستی پیکردووە. بە نایاسایی و نادەستوری ناساندنی یاسای نەوت و غازی هەرێمی ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی هەرێم و ناچارکردنی بە پابەند بوونی رادەستکردنی سەرجەم بەرهەمە نەوتیەکانی هەرێم و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم دەری هێناون و گێرانەوەی بۆ وەزارەتی نەوتی عێراق. ناچارکردنی دەسەلاتی هەرێم بە وەزارەتی نەوتی عێراق و دیوانی چاودێری دارایی بۆ ئەوەی بەهەموو گرێبەست و مامەڵەیەکی نەوتیدا بچنەوە و وردبینی بکەن. پوچەڵکردنەوەی هەموو ئەو گرێبەستە نەوتیانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ لایەنە دەرەکی و دەوڵەت و کۆمپانیاکان سەبارەت بە دۆزینەوەی نەوت و دەرهێنانی و فرۆشتنی ئیمزای کردووە... تا دەگاتە بە نایاسایی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانییەکان بەو هۆیەشەوە سڕ کردن و مراندنیان، لەوەش زیاتر گوشار هێنانی بەغدا بۆ رادەستکردنی نیوەی داهاتە نانەوتیەکانی هەرێم و تا دەگاتە پرسی سنور و بەرگری و ئاسمانی و زەمینی و بۆ پاراستنی ئەمنیەتی هەرێم و هاواری دەسەڵات کە بەغدا بێتە سەرخەت... گۆشە بەگۆشەی لە قالبدانی دەسەڵاتی هەرێم و بچوککردنەوەی هەیمەنەی دەسەڵاتی داوەشاوی بەردەم بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستانیشە. بەغدا هێندە پێویستی بە یەکێتی پارتی و ناسیونالیزمی کوردە، کە ڕێگە نەدرێت بۆشایی سیاسی و یاسایی!! لە هەریمدا دروست ببێت، بە واتایەکی تر بۆرژوازی کورد مەئموریەتەکەی نوێنەرایەتی بەغدا کردنە لە هەرێم، نەک وەکو کاراکتەرێکی سیاسی سەربەخۆ و خاوەن بریار و هەمەکارەی... دەورانی پیش ١٦ ئۆکتۆبەر.

یەکلایی بوونەوەی دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم یان ڕیکەوتنیان لەم خولە تازەیەدا لەسەر بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم و پرسی قەرزی مانگانە، راستەخۆ بەستراوەتەوە، بە پرسی چاوخشاندنەوەو وردبینی و چاودێری بەغدا بەسەر پرسی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و گرێبەستەکان و داهاتە نانەوتییەکان و ئاماری موچەخۆرانی هەرێم ...تاد لە دەورەی رابردوودا.

ئامرازی یەکلاییکەرەوەی نێوان بەغدا و هەرێم و ئەو پرسانەش دادگای فیدرالییە، کە لە دۆخی ئیستای عێراقدا بۆتە ناوەندێکی بریار و چوارچیوەیەکی یاسایی کە سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی عێراق، بە شێوەیەکی بەرجەستە، پێوەی پابەندن و هانای بۆ دەبەن.

بانگەشەی بۆرژوازی کورد و نووسەو و بەرپرسەکانیان بەوەی کە لەهەموو خولێکی دانوستاندنەکاندا لەسەر بودجەو شایستە داراییەکانی هەرێم، باسی سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردی دەکەن و دەڵێن لە قازانجی هەرێم بە ڕیکەوتوون گەیشتوین، هێندە درۆیەکی شاخدارە، کە زۆر زوو هەر خۆیان ناچار دەبن ئەو فریوکاریەیان بە درۆ بخەنەوە.

ئیستا دەسەلاتی هەرێم نەک هەر قەرزداری دەیان ملیار دۆلاری سەردەمی فرۆشتنی نەوتە!!، بەڵکو قەرزداری دەوڵەتی عێراق و لەوانەش زیاتر قەرزداری موچەخۆرانی هەریمەو موچەی سێ مانگی رابردووی ساڵی ٢٠٢٣ ی موچەخۆرانی نەداوەو ناویان ناوە، موچەی خەرج نەکراو!!...

بۆیە ئەو ململانێیەی ئیستای نیوان بەغدا و هەرێم لەسەر پرسی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم بە تەواوی لە هەلومەرجێکی تازەدا دەچیتە پیشەوە و بە ئاقاری لە قالبدان و دەست کورتکردنەوەی پارتی و یەکیتی لە دزی و تالانی و تەواو دەبێت و بە وێنەی گوشارێکی سیاسیش لەسەر دەسەڵاتی هەرێم دەشکێتەوە.

**ناوەراستی جەنیوەری ٢٠٢٤**

**ئەگەر ساڵانی رابردوو پرسی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم، تەنها لایەنێك و گۆشەیەك لە ململانێی نێوان بەغداو هەرێم بوو، لەناو دەیان کیشەی تری وەکو پیشمەرگە، سەرژمیری، سنور، کەرکوك و ناوچە کیشە لەسەرەکان، دادگای فیدرالی و بریارەکانی، پۆست و دەسەڵات...تاد ئەوا ئێستا پرسی موچە بۆتە لایەن و پرسێکی سەرەکی ...**

**لەوانە بەغدا دەیەوێت چاو بە دۆسیەکانی ساڵانی رابردووی فرۆشتنی نەوت و داهاتە ناوخۆییەکان و ئەو قەرزانەی داویەتی بە دەسەڵاتی هەرێم، بخشێنێتەوە و دواتر بڕی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم، بڕیار لێبدات. ئەمەش پرۆسەیەکی سەخت و لەوەش زیاتر گورزێکی زۆر گەورە لە دەسەڵاتی تالانچی هەرێم دەدات و لەو نێوەشدا، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش و بەتایبەتیش موچەخۆران باجی سەرەکی ئەم دۆخە دەدەن ...**

**بانگەشەی بۆرژوازی کورد و نووسەو و بەرپرسەکانیان بەوەی کە لەهەموو خولێکی دانوستاندنەکاندا لەسەر بودجەو شایستە داراییەکانی هەرێم، باسی سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردی دەکەن و دەڵێن لە قازانجی هەرێم بە ڕیکەوتوون گەیشتوین، هێندە درۆیەکی شاخدارە، کە زۆر زوو هەر خۆیان ناچار دەبن ئەو فریوکاریەیان بە درۆ بخەنەوە**

## درێژەی: وەزیری پەروەردە: وەڵامی خواستەکانتان نادەینەوە... مامۆستایانی ناڕازی: فریوی بەڵێنەکانتان ناخۆین و بەردەوام دەبین...

ئەم لێدوانەی وەزیری پەروەردە، نەک وەڵامدانەوە بەخواستی مامۆستایان و وانەبێژان نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی ئاشکرای خواستەکانیانە.

سپاردنی وەڵامدانەوە بە دوو خواست لەناو چەندین خواستی گرنگتردا، لەوەش زیاتر حەواڵەکردنی جێبەجێکردنی بۆ دوای هەمواری یاسای بودجەی عێراق و ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێم، بەکردەوە ڕەتکردنەوەی خواستەکانی مامۆستایان و ئەو دوو خواستەشە کە ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پەروەردە لوتفیان!! بۆی نواندووە. ئاخر لە دوای روخانی بەعسەوە کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە، کێشەی بودجەو شایستە داراییەکانی هەرێم لەنێوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراق و کوردستاندا، بەچارەسەر نەگەیشتووەو بۆتە کیشەیەکی بەردەوام و مەیدانێکی سەرەکی کێشمەکێشی نێوان دەسەڵاتی هەرێم و بەغدا... بۆیە ئەم وەڵامەی وەزیری پەروەردە خۆدزینەوە و هاوکات فریوکاری و پلانێکی نا ئینسانی و نابەرپرسانەیە لەبەرامبەر داخوازی مامۆستایان و وانەبێژان و سەرجەم کۆمەڵگە.

جیا لەوانە دەسەڵاتی هەرێم و وەزیری پەروەردە بۆ دوای ڕێکەوتنی بەغدا و هەرێمیش لەسەر هەمواری بودجەو شایستە داراییەکانی هەرێم نیازیان نییە، پرسی موچە و دابەشکردنی لەکاتی خۆیدا بخەنە دەستورەوە، بۆیە لەو بەڵێنەی کە چارەنووسی جێ بەجێکردنی دیار نییە، باسی دانی موچەو کۆتاییهێنان بەدواکەوتنی دیار نییە.

کاردانەوەی مامۆستایان و وانەبێژان بەرامبەر بە بریاری وەزیری پەروەردە، بەوەی کە دەست لە نارەزایەتی و بایکۆت هەڵناگرن و ناگەڕینەوە بۆ دەوام تا هەموو داخوازییەکانیان جێ بەجێ نەکرێت، نیشانەی هوشیاری مامۆستایان و وانە بێژانە، بەتایبەتی کە دەزانن چارەسەری کێشەی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا رێگایەکی داخراو ئەزمونێکی ٢٠ ساڵەیە.

مامۆستایان و وانەبێژان، بەتایبەتیش بریاری ئەنجومەنی سەرتاسەریی مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازی، بۆ ڕەتکردنەوەی خواستی وەزارەتی پەروەردە بەوەی کە دەبوو ٩ مانگ، دەست بە دەوام بکەنەوە، نیشانەی بەردەوامی ململانێیەکە کە ریشەی لە هەڵاواردنێکی چینایەتی قوڵدایە. لەلایەکەوە دەسەڵات و نوخبەیەکی تەسەلی پەروەردە کە نەک لە هیچیان کەم نییەو هەست بە ئازاری نەبوونی و سەختی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان ناکەن، بەڵکو ژیانێکی شاهانەو فیرعەونیان هەیە و لەلایەکی تریشەوە ئۆردویەک ئینسانی بێ بەشکراو لە موچەو خواستی زۆر سادە هەیە، کە ناچارن خەباتی بۆ بکەن. پرسی موچەو دابەشکردنی لەکاتی خۆیدا، پرسێکە لە هیچ گۆشەو کەنارێکی ئەم دنیایەو لە مۆدیلی هیچ دەوڵەت و وڵات و کۆمەڵگەیەکدا بوونی نییە. ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ موچەخۆران دەیکات، مامەڵەیەکی بێ وێنە نا ئینسانییە.

هەر تاکێک کە کاری کرد، کارەکەی فیزیکی و جەستەیی یان هزری... بێت، پێویستە لەکاتی خۆیدا و بێ دواکەوتن لانی کەمی موچەی بڕیار لێدراو و شایستە ئیمتازەکانی، وەربگرێت. خۆدزینەوەی دەسەڵات لەو راستییە زۆر سادەیە، هیچ ڕێگایەک بۆ مامەڵەکردن کردن لەگەڵی نییە، جگە لە خەبات و نارەزایەتی دەربرین و گوشار هێنان بۆ دەسەڵات تا ناچار بکرێت. سوربوونی مامۆستایان و وانەبێژان و موچەخۆران لەبەردەوامی دان بە نارەزایەتییەکانیان، جگە لە بەرگری لەمافی زۆر سادەی خۆیان لە بەرامبەر بە ستەمێکی بێ پاساوی دەسەڵاتێکی نابەرپرس، شتێکی تر نییە، پێوسیتە سەرجەم خەڵکی کوردستان، پشتیوانی لە نارەزایەتیەکانیان بکەن، بەتایبەتیش کەسوکاری خوێندکاران.

**********

## درێژەی: مانگرتنی سەدان نانەواخانە لە هەولێر، هەڵگری چ پەیامێك بەدەسەڵات بوو؟

رسومات و مۆڵەتی سالانە و تەندروستی... هەولێری پایتەخت و خامۆشی!! لە نارەزایەتیەکی قوڵ بەخەبەر هێنایەوە. نارەزایەتیەک کە دەستی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان و شەق وەشێنەکان، بەست و نیشانیدا، کە زۆری هێز لە بەرامبەر بە ئیرادەی ریکخراو هاوئاهەنگی کرێکاراندا، پوچە.

حکومەت و دەسەڵاتی پارتی چاوەڕوانی ئەوە بوون، کە هەزرانکردنی نرخی نان و سەموون ببێتە مایەی پێشوازی و وەکو کەمپەینیکی بۆ حکومەتێکی لایەنگری هەژاران خۆی نمایش بکات، کەچی بووە هۆی خستنە رووی رقی کریکارانی ئارەقەکردوی گڕی نانەواخانەکان، و راگرتنی نانەواخانەکانیان.

پارتی و دەسەلاتەکەی و لەگەڵ هاوبەشە دەسەلاتەکەیان لە زۆنی سەوز، کە غەرقی دزی و گەندەڵی و تالانی و وێرانکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان و دارماندنی سلکی خوێندن و پەروەردەن و باج و سەرانەیان بەسەدان رێگە خستۆتە سەر کارو کاسبی هاولاتیان، دەیانەویت چاکسازی لەخوارەوەو لەسەر شانی کرێکاران و بێبەشان، دەست پێ بکەن. لە جێگای ئەوەی موچەی وەزیر و گزیرەکان و راوێژکارەکانیان و خانەنشینانیان، موچەی ئەندام پەرلەمان و خانەنشینەکانیان و بەرێوەبەرە گشتییەکان وموچە و ئیمتیازاتی بەرپرسە ئەمنی و سەربازییەکان و کەژاوەی پاراستنی بەرپرسە حزبی حکومیەکان... کەم بکەنەوەو نرخی سوتەمەنی و ئاو کارەباو روسومات و خوێندن و داو و دەرمان و تەندروستی... کەم بکەنەوەو باری قورسی سەرشانی هاولاتیان سوک بکەن، هێرش بۆسەر نانەواخانەکان دەکەن. ئەو راسانە خێرا و هاوکات و یەک دەستەی کریکارانی نانەواخانەکان، بەر لەوەی تەنها نارەزایەتی بێت بە بریاری هەرزانکردنی نان بێ گوێدانە دۆخی نانەواخانەکان و پێداویستیەکانیان، نارەزایەتی پەنگ خواردوی بەشێک لە کرێکارانی کوردستانە بەدژی ئەو نابەرابەرییە قوڵە ئابوری و چینایەتیەی بۆژوازی کورد و ئەو هەموو دزی و تالانییە ئاشکرایە "نایاسایی و بە یاسایی کراو و سیستماتیکراوەی" دەسەڵات.

کرێکارانی نانەواخانەکان بەو مانگرتنە بە دەسەڵاتیان راگەیاند... ئەگەر دەتانەوێت نان هەرزان بکەن، بڕۆن سوتەمەنی و کارەبا، و ئەو پێداویستیە سەرەکیانە هەرزان بکەن کەدەستی ناوەتە بینەقاقای چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەلگە. بڕۆن گرانی بازار چارەسەر بکەن کە وەکو دیکتاتۆریەتی بێ رەحم و ئەژدیهای هەزار سەر ژیان و گوزەرانی هاولاتیان دەهارێت. بڕۆن موچەی کرێکاران و کارمەندان و موچەخۆران و پاشەکەوتی موچە بدەنەوە. بڕۆن سەیرێکی وێران بوونی خەستەخانەو بنکە تەندروستییە گشتی و حکومیەکان بکەن و ئاوڕیک لە گرانی خەستەخانە ئەهلی و تایبەتیەکان بدەنەوە... بچن پێداویستی بۆ خەستەخانەی هیوا زامن بکەن و هیوا بۆ بێهیواکانی ناو خەستەخانەکە بگێرنەوە، بڕۆن کیشەی ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆ و ریگاوبانەکان چاک بکەن، برۆن و ئۆردوی بێکاران بخەنە سەر کار یان بیمەی بێکاریان پێ بدەن. بڕۆن و ئاوڕیک لە لاوان بدەنەوە و رێگە بگرن "نیشتیمانی عەزیزیان" بەناو دەریا و جەنگەڵ و سیمە درکاویەکاندا، جێ بهێڵن... بە کورتی پێیان وتن نان هەرزان کردن کارێکی سانایە... پێداویستیەکانمان بۆ دابین بکەن، نان هەرزان دەکەین و ئەوەشیان وت، ئەوەی دەستی ناوەتە بینەقاقای هاولاتیان نان و سەموونی وشک نییە، بەڵکو ئیوەی دەسەڵاتی تالانچی و چاوچنۆکی سەرمایەن. جیا لەوانە کریکارانی نانەواخانەکان وەکو گۆشەیەک لە چینی کریکار ئەو راستیەیان نیشانی کۆمەڵگەدایەوە، کە ئەوەی کۆمەڵگە دەچەرخێنی چینی کریکارە و ئەگەر کریکاران و سەرجەم بەشەکانی کرێکاران کار رابگرن، کۆمەڵگە لە جوڵە دەوەستێت و گیرفانی ئێوەی سەرمایەداریش خاڵی دەبێت.

## لە بۆپێشەوەوە

⊛ بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

⊛ بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

⊛ بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

⊛ درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

⊛ ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە...

# لە پەراوێزی پرۆسەی دارمانی سیستمی تاک جەمسەری لە خاکی ئۆکرانیادا

## توانا محەمەد نوری

نزیکەی دوو ساڵ بەسەر هێرشە سەربازییەکەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا تێدەپەڕێت. هەر لە سەرەتاوە ڕوون بوو کە ئەمە شەڕێکی ئاسایی نییە، لە پشت ئەم شەڕەوە شەڕێکی تر بەڕێوەیە، ئاماژە بوو بۆ سەرەتای ڕووخانی سەردەمی دەسەڵاتی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی.

ئەم پرۆسەیە لەو شەڕەوە دەستی پێنەکرد، بەڵکو پاش شکستی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵاتنی سوپای ئەمریکا لە ئەفغانستان و کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق و سوریا نیشانیدا کە قەیرانی هەژمونی تاک جەمسەری ئەمریکا لە لایەک و سەرهەڵدانی چین و ڕووسیا لە لایەکی ترەوە، زەمینەسازی بۆ پرۆسەیەک دادەڕێژێت.

لەم شەڕەدا بەرزترین تەکنۆلۆژیای کوشتن ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە و تاقیگەیەکە نوێترین دەستکەوتی تەکنیکی و زانستی تێدا تاقی



دەکرێتەوە.

دوای دوو ساڵ ڕوون بۆتەوە کە حکومەتی ئەمریکا و حکومەتەکانی ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە سەرەتای ئەم شەڕەدا و ڕێگریان لە سولحی حکومەتی ئۆکرانیا لەگەڵ ڕووسیا کرد بە مەبەستی لەناوبردنی ڕووسیا، بەڵام ئەنجامەکەی پێچەوانەیە و ئێستا بۆ زێلێنسکی و ڕۆژئاوا قبوڵکردنی ئەوەی کە ڕووسیا وەک لایەنی سەرکەوتووی شەڕەکە خۆی فەرز دەکات.

بەدووری نازانم ڕووسیا سەروەری خۆی بەسەر زیاتر لە ٢٠%ی خاکی ئۆکرانیا و بەربەستێک لە نێوان سنوورەکانی خۆی لەگەڵ ناتۆدا بسەپێنێت و تەنانەت ئەگەر ئەندامێتی ئۆکرانیا لە ناتۆ قبوڵ بکات، بێ گومان بە پابەندبوونی بەرفراوان ئەو کارە دەکات.

دوای دوو ساڵ لە دەستپێکی شەڕی ئۆکرانیا، ئەمڕۆ زۆر ڕوونە کە ئەم شەڕە لە نێوان جەمسەرە ئیمپریالیستەکان لە خاکی ئۆکرانیا و بە خوێن و گیانی خەڵکی ئۆکرانیا ئەنجامدراوە و ئەوان دۆڕاوی سەرەکین، و ئێستا ئەورووپاش باجی سەرکردە خزمەتکارەکانی خەتی ئەمریکا دەدات.

لە دڵی شەڕی ئۆکرانیاشەوە، جیهانی دوای جەنگی ئۆکرانیا بەرە بەرە سەرهەڵدەدات، لەگەڵ پەرەسەندنی پەیمانی شەنگەهای و بریکس، ڕووسیا و چین هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ئەفریقا بەهێزتر دەکەن و لە هەمان کاتدا، ئەوان داوای هاوکاری لە وڵاتانی ئەورووپاش دەکەن.

سروشتی تاوانکاری و دژە کرێکاری جەمسەری ڕووسیا و چین بۆ هەموو مرۆڤێکی سۆشیالیست و ئازادیخواز شاراوە نییە و هەر بۆیە وەستان لە تەنیشت ئەو جەمسەرانە (وەک هەندێ لایەنی 'چەپ' دەیکەن) و هەندێک لە چەپەکانی ڕۆژئاوا شوێن ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا و ئۆکرانیا کەوتوون کارێکی نائینسانی و کۆنەپەرستانەیە؛ بەرەی ئینساندۆستان، ئازادیخوازان و ئاشتیخوازان دەبێت سنوورەکانی خۆیان ڕوون بکەنەوە و ڕێبازی ڕادیکاڵ و مۆدێرن و سۆسیالیستی پیشانی کۆمەڵگە بدەن، ئەم ڕێبازە هیچ پەیوەندییەکی بە جەمسەرگیرییەکانەوە نییە.

ئایا جیهانی فرە جەمسەری کە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە و بە داخەوە قۆناغی گواستنەوەی خۆی بە خوێنڕشتن و تاوانی زیاتر تێدەپەڕێنێت، لە بەرژەوەندی بزووتنەوە کرێکاری و شۆڕشگێڕییەکاندایە؟ لاوازبوون و پاشەکشەکردنی ئیمپریالیزمی ئەمریکا هەواڵێکی خۆشە، بەڵام مەرج نییە ئازادی و یەکسانی بۆ جیهانێکی فرە جەمسەری بهێنێتە ئاراوە لەبەر ئەوە تاکە ڕێگا ڕێکخستنی سیاسی سەربەخۆی چینی کرێکارە.

# ڕاپۆرتێک سەبارەت بە دۆخی کرێکاران لە کارگە پیشەسازیەکاندا!

## پاڵاوگەی نەوتی کەوەرگۆسک و ئاسن و پۆڵای ماس، بەنموونە

**بەمەبەستی خستنەڕووی دۆخی کرێکاران لەکارگە پیشەسازیەکاندا، پەیامنێری دەنگی کرێکار، پەیوەندی کرد بەکرێکارانێکەوە لەهەردوو کارگەی پاڵاوگەی نەوتی کەوەرکۆرسک وئاسن و پۆڵای ماس، تا وەک دوونمونەی جیاواز دۆخی کاری کرێکاران لەزمانی کرێکاران خۆیانەوە بخاتەڕوو. ئەمەی خوارەوە کورتەی قسەوباسەکانە :**

پاڵاوگەی کەوەر گۆسک بەیەکێک لە پێشکەوتوترین پڕۆژەکانی وەبەرهێنان هەژمار دەکرێ و دەکەوێتە نێوان هەولێرو کەڵەک، شایانی باسە ئەم پاڵاوگەیە هەلی کاری بۆ زیاتر لە ٣ هەزار کرێکار لەبەشە جیاجیاکانیدا ڕەخساندووە و بەردەوام بەسێ شەفت کرێکاران کاری تێدا دەکەن.

دەنگی کرێکار بە پێویستی زانی کە لە هەواڵی هەلومەرجی کارو گوزەرانی کرێکارانی ئەو پاڵاوگەیە ئاگادار بێت، بۆیە پەیوەندی کرد بەیەکێک لەکرێکارانی ئەو پاڵاوگەیەوە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکا. ئەو کرێکارە سەبارەت بە وەزعی کرێکاران ئەڵێ:

“سەرەتا سوپا بۆ دەنگی کرێکار کە دەیەوێت هەواڵی ئێمە بزانێ لەدرێژەی قسەکانیدا، وتی ئێمە هیچ عەیبمان نییە بە بەراورد بە کرێکارانی هەرێمی کوردستان دەشتوانم بڵێم لە وڵاتانی سەنعەتی ئەورپاش لەوانەیە حەقدەستی وەک ئێمە وەرنەگرن، ئێمە لانی کەمی موچەی مانگانەمان لە هەزار دۆلار کەمتر نییە ئەمە بۆ ئێمە سەرو هەموو شتێکە، ئەگەر گرفتی ڕۆژانەشمان هەبێت تەحەمول دەکەین. بەڵام ئێمە ئەوە دەبینین کە کرێکاران چۆن لەسەرجادە ژیانی بێکاری بەڕێ دەکەن، بۆیە وەزعی ئێمە زۆر باشترە. ئێمە هەم کارگەکەمان بەسیستمێکی زۆر پێشکەوتو کاردەکاو هەم گشت ئەو مەکائین و تەکنەلۆجیایەی کە کارخانە پێک دێنێت مۆدێلی زۆر بەرزە وکێشەمان بۆ دروست نابێت، سیستمی کارەکەشمان باشە، بەڵام خۆتان دەزانن کاری کرێکاری، هەرچۆن باشیش بێت، هێشتا هەر چەوسانەوەو بێبەشیە.

**کار خانەی ئاسن و پۆڵای ماس:**

**کرێکاران لەسیستمی هاتوچۆ و سەعاتکاری ڕۆژانە نارازین!!**

یەکێک لەکرێکارانی کارخانەی ئاسن و پۆڵای ماس سەبارەت بەکێشەی هاموشۆی کرێکاران لەماڵەوە بۆ سەرکارو بەپێچەوانەوە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بێت دەڵێ:

“کێشەی هاتووچۆی کرێکارەکان لە کارگەی ئێمە کێشەیەکی بەردەوامەو چەند ساڵە هەر کۆمەڵە بە شێوەیەک هەوڵی گۆڕینی داوە، بەڵام بێ ئەنجام ماوەتەوە لە کۆتایدا لەبەر ئەوەی کرێکار یەگرتوو نین و پەرش وبڵاون و بەم حاڵەوە درێژەی بەم دۆخە دەدەن و سەعاتکاری زیاتر دەکەن.. ئەگەر ڕێگام پێبدەن بە شێوەیەکی کورت باس لەدەوام و هاتوو چۆ بکەم:

“ئێمە لەکارگە چەند شەفت و چەند کاتێکی جیاواز کار ئەکەین زۆرینەی کاتەکان بەم شێوەیەیە: یەکەم، شەفتی ٨ سەعاتی یاخود باشرە بڵێن ٩ سەعاتی، چونکە شەفتی ڕۆژ ئەم شەفتە لە جیاتی ئەوەی ٨ سەعات کار بکەن ٩ سەعات کار ئەکەن بەڵام ٨ سەعاتی حسابە بۆیان ١ سەعاتی ئەچێتە بری نان خواردن و ئیسراحەت ئەمە جگە لەو کاتەی کە بەچوون وهاتن، واتە ١ سەعات بۆ ١:٣٠ ئەڕواو حسابی بۆ ناکرێت...

دووەم: شەفتی شەو. ئەمەش ٨ کاتژمێر کار دەکەن و نیو کاتژمێر بۆ نان خواردن و ئیسراحەتە، بەڵام ئەم شێوازی دەوامە هیچ جیاوازییەک لە مووچەکەیدا نییە، لە کاتێکدا بە پێی یاسای کاری عێراق شەفتی شەو ئەبێت لە ڕووی مووچەوە فەرقی هەبێت لە شەفتی ڕۆژ. لەشەفتی شەویشدا بەهەمان شێوە لە کاتژمێرێکەوە بۆ دوو کاتژمێر کات بە هاتووچۆوە دەڕوات.

سێهەم: شەفتی هەشت سەعاتی شەوانە کە لە ١١:٣٠ی شەوەوە دەست پێ دەکات بۆ ٧:٣٠ بەیانی زوو. ئەم شێوازەش هەر وەک شەفتی شەوەکەی تر ٨ سەعاتەو نیو کاتژمێر نان خواردنی بەیانی و. ئیسراحەتە هیچ جیاوازییەکیش لە مووچەیان نییە

سێهەم: شەفتی ١٢ سەعاتی ئەمیش دوو جۆرە: کار بەسێ شەفتی. ئەمە شێوازی دەوام ١٢ کاتژمێرە، دوو ڕۆژ شەفتی شەون دەوامیان لە ٧:٠٠ ی بەیانی بۆ ٧:٠٠ ئێوارەیە هاتوو چۆش وەک هەموو شیفتەکانی تر سەعاتێک بۆ دوو سەعات ئەڕوا و هیچ حسابێکی بۆ ناکرێت.


شەفتی شەوانەش لە کاتژمێر ٧:٠٠ ئێوارە بۆ کاتژمێر ٧:٠٠ بەیانی کاردەکەن. بەڵام کرێکارانی ئەم شەفتە بەهۆی نەبوونی هۆکاری گواستنەوەوە ناچاردەبن چاوەڕێی پاسی شەفتی هەشت سەعاتی ١١:٣٠ بۆ ٧:٣٠ بکەن چونکە بە یەک پاس هاتوو چۆ ئەکرێت بەمەش نیو کاتژمێر لە ڕۆژەکەیان بەفیڕۆ دەڕوات. وەک لە پێشتر ئاماژەم پێکرد مووچەشیان جیاواز نییە لە باقی کرێکارانی شەفتەکانی تر. بەم جۆرە کرێکاران بەگشتی لەهەفتەدا ٤٨ کاتژمێر کار ئەکەن. لەکاتێکدا ئەو کرێکارانەی کە ڕۆژانی هەینی کاردەکەن ڕۆژانە دەگات بە١٢ کاتژمێر، واتە ٧:٠٠ بەیانی بۆ ٧:٠٠ ئێوارە لەکۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کە لە کارخانەکەی ئێمەدا، شێوازی تریشی تیایە بۆکارکردن، کەبێگومان پێشێلکاری لێدەکەوێتەوە لەوانە ئێزافەکاری، کەمی موچە، سەختی کار ونەدانی ئیمتیازات بەکرێکاران لەپای ئەو کارە سەختەدا کە دەیکەن...

**سەرچاوە... دەنگی کرێکار**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ
## هاوڕێ بەهادین بەکری دارتاش ناسراو بە "ڕێبوار عارف" وەڵامی پرسی ڕۆژی ژمارەی داوەتەوە...



**مامۆستایانی کوردستان چەند مانگێکە درێژەیان بە بایکۆت داوەو خەبات دەکەن بۆ داخوازیە بەرهەقەکانیان. ئێوە دۆخەکە چۆن دەبیننەوە پێتانوایە ئەم بزووتنەوەیە لە کوێدا وەستاوە؟**

**بەڕێز بەهادینی بەکری دارتاش ناسراو بە(ڕێبوار عارف)؛ هەڵسوراوێکی نارەزایەتیە جەماوەریەکان لەکوردستان.**

**ڕێبوار عارف:** بەڵێ ڕاستە سەرەتا مامۆستایان لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەکاندا بایکۆتیان ڕاگەیاند. بەڵام لەراستیدا بایکۆت تەنیا ڕەمزی ڕاگەیاندی نارەزایەتیەکەیان بوو، دواتر گردبوونەوەو ڕێپوان و خۆپیشاندان شەقامی بەجۆرێك جوڵاند کە ئاستی نارەزایەتیەکان وبایکۆت ودەنگی دلێری مامۆستایانی گەیاندە شوێنێکی تر، بەجۆرێك کە ئەمرۆ تەواوی کۆمەڵگە لەگەڵ جوڵانەوەیەکی بە ئیرادەو خەباتکاردا رووبەڕوون. وەك خۆتان ئاگادارن ئەم ڕۆژانە چوار مانگ بەسەر ئەم نارەزایەتیانەدا تێپەڕ دەبێت کە بەشێکی زۆر لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتووەتەوە. ئەم جوڵانەوەیە بەردەوام و پڕ ئیرادەیە، بەجۆرێکە هەر شایستەی ڕێکخراوبوونی ئەو مامۆستایانەیە کە نەك چوار مانگ بەڵکو ١٠ ساڵە لەمەیداندان وپێشەنگی نارەزایەتیەکانی ئەم قۆناغەی ئەمرۆشمانن. ئەم ئیرادەیە لە ئاستێکدایە کە دەکرێت بڵێین لە مێژووی خەباتی مامۆستایاندا ئەمە راوەستاوترین و بە ئیرادەترین نارەزایەتیەکە کە ماوەی چوار مانگ بەبێ مووچەو بژێوی ژیان تێدەپەرێت، کەچی ئەمرۆی لە هەموو رابردوو راوەستاوترە. کە بێگومان کاریگەریەکانی ئەم جوڵانەوەیە دەورێکی ئەرێنی گەورەی هەبووە لەسەر رۆحیەی خەباتکارانەی خەڵك و پەرەپێدانی بازنەی نارەیەتییەکان، جا چ ئەوەی پەیوەست بە مامۆستایانە، یا بەگشتی هەموو چین و توێژەکانە. من وەك هەلسوراوێك کە لە نزیکەوە لە ماوەی چوار مانگی رابردودا لە زۆربەی ڕێپوانەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا حزوورم هەبوووەو دەست و پەنجەم لەگەڵ کێشەو گیروگرفتەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا نەرمکردووە، دەتوانم بڵێم چەند قۆناغی زۆر گرنگی بڕیووەو نەکەوتووەتە بۆسەی هیچکام لە نەخشەو پلان و گوشارو فروفێڵەکانی دەسەڵات و حیزب و وەزارەتی پەروەردەوە. ئەگەر لە قۆناغێکیشدا بە جۆرێك کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەوەی کە ئاخۆ لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە چەندە ئیمکانی دەستەبەرکردنی ماف و داخوازییەکانیان هەیە، بەڵام بەو ئەندازەی کە هەموو تۆپەکانیان نەکردوەتە ئەم سەبەتەو توانیێتیان خۆیان بە دوربگرن لە هاوسۆزی درۆزنانەی هەموو حیزبە سیاسیەکان و پەرلەمانتاریستەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ، ئەوا هەنگاوێ باشی ناوەو دەکرێت ڕێگەی دەسەڵاتی ناوەندیش کاریگەریەکی ئەرێنی هەبێت لەبەردەوام بوونی ئەم خەباتەدا، تەنیا بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە سەربەخۆی خۆی بپارێزێت نەچێتە ژێر باری هەژمۆنی هیچ لایەنێکەوە! بۆیە دەکرێت بڵێین لەمبارەوە خەباتی مامۆستایان قۆناغێکی سەرکەوتوو راوەستاوی تێپەراندوەو ئێستە ئیتر کاتی خۆئامادەکردنێکی. بۆیە بە جۆرێك کە بتوانێت خەباتەکەی خۆی بە سەرکەتن بگەیەنێت!

**پرسی ڕۆژ: ئایا نارەزایەتی مامۆستایان چۆن بەردەوام دەبێت، مەبەستان چییە لە خۆئامادەکردنێکی نوێ، یا بابڵێین چ شتێك هەیە کە پێویستی بە پێداچوونەوە هەبێت بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم نارەزایەتیانە؟**

**ڕێبوار عارف:** سەبارەت بە چۆنیەتی بەردەوامبوون، وهەنگاوەکانی بەسەرکەوتن گەیاندنی خەباتی مامۆستایان، دەبێت بەر لەهەرشتێك ئەوە بڵێم کە من سەربارک پەیوەندیەکی زۆرباشم لەگەڵ هەڵسوڕاوە جیدی و لێبرا وکارامەکانی ئەم جوڵانەوەیە، بەڵام من نە نوێنەری ئەوانم و نە وتەبێژیان، ئەوەی دەیڵێم بۆچوون و ئەزموون وتێکەشتنی خۆمە بە حوکمی نزیکایەتی و هاوخەبات بوونم لەگەڵ ئەم جوڵانەوەیەدا. بۆیە حەزدەکەم لەمبارەوە فۆکس لەسەر چەند خاڵێکی سەرەکی بکەم کە بەمشێوەیەیە:

بزووتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان بەر لە هەرشتێك مەحکومە بەوەی بەکردەوە هەنگاو بنێت بۆئەوەی کە لەم قۆناغەدا چۆن دەبێتە بەشێك لە داینەمۆی ڕێکخستن و بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری فراوان، بەجۆرێك کە دواجار خواست و داواکاری چین و تووێژەکانی تری کۆمەڵگەی کوردستان ببێتە بەشێك




لە بەرنامەی ئەم نارەزایەتیانە. دەبێت لەمبارەشەوە ئەوە بڵێم کە خۆشحاڵانە بەشێکی زۆر لە مامۆستایان پەییان بەو ڕاستیە بردووە کە جەماوەری بوونەوەی ئەم نارەزایەتیانە مەرجێکی بەسەرکەوتن گەیاندنی خەباتەکەیانەو بانگەوازی ئەو خەڵکە دەکەن بۆ بەشداریکردن لە نارەزایەتیەکاندا، بەڵام ئەمە تەنیا نیوەی پەرداخەکەیەو نیوەکەی تری بوونی نەخشەو پلانە بۆ چۆنیەتی راکێشانی جەماوەری نارازی خەڵکی کوردستان و کارکردنێکی فەرمی تر لەگەڵ ئەو جوڵانەوە نارەزایەتیەی کە بەر ئێستە چەندین دەستەو دەیان کەسایەتی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا هەیە

رابەران و هەڵسوڕاوانی نارەزایەتیەکانی مامۆستایان پێویستیان بەپێداچوونەوەیەکی ورد بە بەرنامەو میکانیزمی کارو نەخشەو... ستراتجی خواست و داواکاریەکان هەیە بۆئەوەی لەگەڵ هەر ئەگەرو هەر پلانێکی دەسەڵاتدا پێشوەختە بزانن بەرەو کوێ هەنگاو دەنێن. بەهەمان شێوە شێوازو تەکتیکی خەباتی مامۆستایان پێویستە سەرلەنوێ نەخشەی دیارو کۆنکرێت تری بۆ دابرێژرێتەوە. بۆنموونە تۆ لە وەرزی زستانا کە باوبۆران بەفرو کرێوەیە کە ناتوانی خۆپیشاندان بکەیت چ ڕێگەیەکیکە دەگریتەبەرو چۆن درێژە بە نارەزایەتیەکان دەدەیت؟ چۆن دەتوانی سوودمەندبیت لە میکانیزم وشێوەکاری جیاواز. تەسەوری ئەوە بکەن ئەگەر خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان بچێتە خاڵە سنووریەکان و ئەو ڕێگەوبان و ناوەندانەی کە خاڵی هەستیاری بازرگانی و سەرمایە گوزاری ئەم دەسەڵاتە بێباکەیە، ئایا چەندە نزیك دەبینەوە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان! کە دیارە هەموو ئەمانە پێویستی بە وردکردنەوەو نەخشەو پلانی وردە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەمانە کردەیین و نارەزایەتیەکانی کوردستان ئەزمونی سەرکەوتووی هەیە لەمبارەشەوە. ئەوەی کە خۆپیشاندانەکەی ساڵی رابردوی لە هەر رادەیەك لە سەرکەوتن نزیکخستەوە دروست دەستبردن بۆ ئەم شێوازەو یەکگرتوویی و هاودڵی ئەو نارەزایەتیانە بوو، کە هەمان مەسەلە واتە یەکگرتوویی نارەزایەتیەکانی مامۆستایانیش پێشمەرجێکی گەورەی بەسەرکەوتن گەیاندنی بایکۆت و نارەزایەتی دەربڕینەکەیانە!



# سەردەمی شۆڕشی بەردەوام *

ئامادەکردنی: ئاسۆ شابان

هیچ یەک لە سیاسەتمەدارە مەزنەکان نەیانتوانیوە هێندەی ( ترۆتسکی ) ئەم قەرنە بهەژێنن، لە جیاوازیەکان و لێچونەکاندا، هیچ کەسێکیش هێندەی ئەو نەچەوساوەتەوەو تانە نەکراوەو نارۆشنانە لێی تێنەگەیشتون، ڕەنگە هیچ کەسێک لەم قەرنەدا هێندەی ئەو کاریگەری لەسەر ئەم قۆناغە دانەنابێت جگە لە ( لینین ) . کەواتە مەزنی ) ترۆتسکی ) لە کوێدایە ؟

تا چەندە بیروڕاکان و خەباتەکەی بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە دەشێت ؟

تایبەتمەندێتی بنەڕەتی ( ترۆتسکی ) لەوەدایە کەئەو ڕووناکبیرێکی پێشینەیە بەو مانایەی کە لە چیرۆکە ئەغریقیەکاندا هاتووە، کە ( برومیثیوس ) ڕووناکبیرێکی پێشینەیە، بە پێچەوانەی براکەی ( إبیمیثیوس ) کە زیاتر بە ڕووناکبیرێکی هەڵسەنگێنەری ڕووداوە بە سەرچووەکان ناوەزەند دەکرێت .

( ترۆتسکی ) بیروهۆش و شکۆمەندی و کارەکانی لە پێناو داهاتوودا تەرخان کرد، ئەو دڵنیا بوو لەوەی کە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان دێتە گۆڕێ و دەخولقێت، ئەو هیچ جۆرە گومانێکی نەبوو لە گۆڕانکاری و هەڵگەڕانەوەو لە گۆڕنانی دەسەڵاتی باو، بۆ ئەمەش پێشنیاری ئەوەی دەکرد کە پێویست بە چاوەڕوانی ناکات و دەبێت کاری بۆ بکرێت، چونکە ( دەسەڵاتە باوەکانی ئێستا و وە هێزە بەر چاوو دیارەکان، هیچ شتێک نیە تەنها قۆناغێک نەبێت لە مێژوو )، گیانی پارچەیەک بوو لە شۆڕش و هیوایەکی نەپساو لە پێناو تێکشکاندنی دەسەڵاتی باودا، ململانێیەکی توند لە نێوان خۆی و ( إبیمیثیوس ) دا.

( تا زیندوبم من هیوام )، بەم شێوەیە هاواری دەکرد کاتێک کە بەهاری تەمەنی لە ( ٢٠ ) دا بوو، لە سەدەی بیستەمدا بەم شێوەیە گوزارشتی لێکراوە : ( مادام من دەژیم، کەواتە من لە پێناو داهاتوودا خەبات دەکەم، داهاتوویەکی گەش کە مرۆڤ تیایدا دەبێتە هێزێکی داهێنەری خاوەن نەخشەی ڕەووتی مێژوو، بەرەو ئاسۆ، کە بێبەش نیە لە جوانی و خۆشمەندی ).

لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ( سەدەی بیست )، کاتێک خوێن و کوشتارو چەوساندنەوەی بە دوای خۆیدا هێنا، پر بەدەنگی هاواری دەکردو دەیوت: ( تەنها ئێوە، تۆ، بوونن ).


لێرەوە ( ترۆتسکی ) توانی بە هەڵەشەیەکی گەنجانەوە، مانایەک بۆ ژیان دابنێت، ئەو لێرەوە بەرامبەر بە خودی خۆی ڕاستگۆمایەوە .

لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەکدا ئایا بە سەرکەوتن بوایە یان شکست، بنەماکانی ژیانی خۆی یەک بوون، کاتێک لە هەرەتی لاویدا بوو، یەکێ بوو لەوانەی کە نەی دەتوانی ڕەزامەند بێت بە سەردەمی باو، هەمیشە لە پێناو گۆڕانکاری و ژێرەو ژوورکردنی دەسەڵاتەکاندا لە خەبات و خرۆشی شۆڕشێکدا تێدەکۆشا و کاری دەکرد، تەنانەت کاتێک کە چەوساندنەوەو ڕاونان تا ناخ دەیگلاند، کاتێک کە منداڵەکانی بە بەرچاویەوە دەمردن و هاوڕێکانی سەردەبڕدران، هەمیشەو هەموو کاتێک، گەر لەو پەری ژیانێکی نائومێدانەشدا بوایە، پڕ بە دەنگی هاواری دەکردوو دەیووت: ( تا زیندوو بم، من هیوام ).

لە ساڵی ( ١٩٣٧ ) دا، لە کۆتایی ( دادگایی-دژ ) لە پێش ( لیژنەی دیوی ) لە مەکسیک ووتی: ( تاقیکردنەوەکانی ژیانم، کە بێ بەش نەبوون لە سەرکەوتن و شکست، بێتوانا بوون لەوەی کە بتوانن بیروباوەڕم بە پاشەڕۆژی ڕۆشنی گەشی مرۆڤایەتی تێکشکێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر سووربووم لەسەر بەردەوامبوون و نەرمان، ئەو بڕوایەی کە بە هزرو ڕاستی هاووپشتی مرۆڤایەتی لە تەمەنی ( ١٨ ) ساڵیمەوە لەگەڵ خۆمدا هەڵمگرتووە، بۆ هەموو زیندەگی گێتی و شارۆچکەی ( نیکۆلایف )، ئەو بڕوایەم تا ئێستا پاراستووە، هەر هەمووی و بە گشتی، بگرە زیاتریش گەشەی کردوەو پێگەیشتووە، هیچ کەمێکیش لە گەرم و گوڕی خەباتکردنم کەم نەبۆتەوە )، کاتێک ئەم ووتانەی دەووت دوژمنەکانی بە مەتەرێزەوە بەسەر سەریەوە ڕاوەستابوون، بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و ووتی: ( تەنها هیواو خۆزگەیەکیشم ئەوەیە، ئەم هیواو خرۆشی شۆڕشە بە میرات بۆ ئەوانەی دوای خۆم بەچی بهێڵم، هەر چۆنێک بێت بارودۆخی مردنی من، من پەیوەستم بە بیروباوەڕی خۆمەوە، بە هیچ شێوەیەک لەرزۆک نیم بە سبەی کۆمۆنیزم، ئەم بڕوایەم بە مرۆڤ و سبەی ڕۆژ بەهێزم دەکات، تەنانەت لەم کاتەشدا، بۆ بەرەنگاربوونەوەیەک کە هیچ دینێک ناتوانێت ئەمە بخولقێنێت، من دەتوانم پشتێنێک لە گەڵای سەوز لە دامێنی دیوارەکاندا ببینم، بە ئاسمانێکی شینی بێگەرد بە سەرمانەوە، ڕۆشنایی خۆر لە هەموو لایەک، ئەم ژیانە شکۆمەندو جوانەی نەوەکانی داهاتوومان لە شەڕو چەوساندنەوەو توندڕەوی پاکدەکەنەوە، وەتا ئەوپەڕی خۆشحاڵ بوون تامی لێدەبینن ) .

========================

**-*سەردەمی شۆڕشی بەردەوام نووسینی ( سحق دویتشر )، ( چاپی عەرەبی ١٩٦٤ )، نووسەر یەکێکە لە دیارترین پسپۆڕانی کاروباری یەکێتی سۆڤیەت، چەند پەرتوکێکی لە سەر ژیان و خەباتی ) لیون ترۆتسکی) بڵاوکردۆتەوە، لە پێناو ڕۆشنکردنەوەو لابردنی هەموو ئەو شێواندنانەی کە دەها ساڵە دژ بە بیروڕاو بە رهەمەکانی ( ترۆتسکی ) کراوە، ژیان و خەباتی ( ترۆتسکی ) لە بەرگی ( ٣ ( پەرتووکدا بە چاپ گەیاندووە.**



# سێ ڕابەری بەلشەفی ڕەنگە هەرگیز ناویانیت نەبیستبێت!

زۆر کەس بە کەسایەتییە دیارەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی ڕووسیا ئاشنان وەک ڤلادیمێر لینین، لیۆن ترۆتسکی و ئەلێکساندرا کۆلۆنتای. بەڵام زۆر کەسی دیکەش هەبوون کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە و مێژوو زۆر کەم باسیان دەکات.

یەکێک لەوانە ئیڤار تێنیسۆڤیچ سمیلگایە کە لە ساڵی ١٨٩٢ لە خێزانێکی جووتیار لە لاتڤیا لەدایکبووە، دوای ئەوەی لە وەرچەرخانی سەدەدا ئەزموونی سەرهەڵدانی خەباتی کرێکارانی کرد، وازی لە تێڕوانینە ڕاستڕەوەکانی منداڵی هێناوە.

باوکی ئیڤار لە کاتی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ دا بەشداری لە دەستبەسەرداگرتنی زەویدا کردوە و ڕووبەڕووی هێزی تەواوی سەرکوتی خاوەن زەوییەکان بۆتەوە؛ دەستگیر کراوە و ئەشکەنجە دراوە و لەبەرچاوی بنەماڵەکەی لەسێدارە دراوە.

سمیلگا لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا پەیوەندی بە ڕێکخراوی بەلشەفیکەوە کردوە و چەندین جار توشی زیندانیکردن و دەربەدەری بۆتەوە.

لە شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ ئازاد کراوە دوایی بۆ کۆمیتەی ناوەندی بەلشەفییەکان هەڵبژێردراوە و ڕەوانەی ناو دەریاوانەکان کراوە لە کرۆنستاد بۆ ڕێکخستن.

پاشان چۆتە فینلاندە و بە یارمەتی ئەو بەلشەفییەکان زۆرینەی دەنگیان لە لیژنەی کرێکاران بەدەستهێناوە.

سمیلگا ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە پشتگیریکردنی بۆچوونی لینین کە چینی کرێکار بە ڕابەرایەتی بەلشەفییەکان دەبێت دەسەڵات لە حکومەتی کاتی وەربگرێت.

## یاخیبوون

لینین بەرپرسیارێتی بەهێزکردنی یاخیبوونی پێترۆگرادی لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی فینلەندا و هێزی دەریایی بەڵتیک دا بە سمیلگا بەخشیوە.

کاتێک پەیامی کۆدی نهێنی "ڕێساکان بنێرە"ی پێگەیشت، سمیلگا لەگەڵ ١٥٠٠ دەریاوانی چەکدار بەڕێکەوتوە. لە ڕاستیدا شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە پترۆگراد بە خێرایی سەرکەوتووە. تا ئەو کاتەی سەربازەکانی سمیلگا گەیشتن تەنها پێویست بوو کۆشکی زستانە بگرن.

سمیلگا لە کاتی شەڕی ناوخۆشدا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە.

دواتر پەیوەندی بە ئۆپۆزسیۆنی چەپەوە کردوە کە دژی گەشەسەندنی بیرۆکراتیزەکردنی دەوڵەتی کرێکاران بووە و پشتگیری لە ترۆتسکی کردوە دژی سەرهەڵدانی جۆزێف ستالین. لەبەر ئەمەش سمیلگا لە حیزبەکە دەرکرا و ڕەوانەی سەهۆڵبەندانی سایبیریا کرا و لە کۆتاییدا ڕەمیکرا.

یەکێکی دیکە ئەناستازیا دیڤیاتکینایە کە لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا لە کارگەیەکی سەربازی دەستی بە کار کردووە، لە ساڵی ١٩٠٤ پەیوەندی بە بەلشەفیکەکانەوە کردووە و بەهۆی چالاکبوونیەوە دەستگیر و زیندانیکراوە.

بەشداری لە شۆڕشی شوباتدا کردوە و سەرکردایەتی یەکەمین خۆپیشاندانی ژنانی کرێکار و ژنانی سەربازەکان کردوە کە بووە هۆی ڕاپەڕین.

پاشان دیڤیاتکینا بۆ ئەنجومەنی کرێکارانی ناوچە، یان سۆڤیەت هەڵبژێردراوە. لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، هەماهەنگی ئەو مەفرەزە جۆراوجۆرانەی کردوە کە خەباتیان بۆ دەسەڵات دەکرد.

ئاریشینا کرۆگلۆڤا یەکێکی دیکەیە لە ژنە کرێکارە بەلشەفییەکان. لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە کارگەیەکی تەقەمەنیدا کاری کردووە و نامیلکەی بەلشەفییەکانی لەناو سندوقی نارنجۆکەکاندا شاردۆتەوە.

لە شۆڕشی شوباتدا سەرکردایەتی خۆپیشاندانی چەکداری کردووە. China Mievilleلە کتێبی Octoberدا دەنووسێت، "بە بینینی کرێکارانی کارگەی پرۆمێت کە لە پشت ژنێکەوە ڕێپێوان دەکەن، ئەفسەرێکی قۆزاکی گاڵتەیان پێدەکات کە دوای ژنێک کەتون.

"ئاریشینا کرۆگلۆڤا، لە وەڵامدا و بە دەنگی بەرز دەڵێ من ژنێکی کرێکاری سەربەخۆم، هاوسەر و خوشکی سەربازم لە بەرەکانی جەنگ."

"لە پەرچەکرادری ئەو هاوراە، سەربازەکان کە ڕووبەڕووی ببوونەوە لولەی تفەنگەکانیان دابەزاندوە."

لە سانت پترسبۆرگ بۆ دوو سۆڤیەت هەڵبژێردراوە و پاسەوانی سووری ڕێکخستوە کە بەرگرییان لە شۆڕش دەکرد. هەروەها بەرپرسی هەڵکوتانە سەر ناوچە دەوڵەمەندەکان بووە بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەک.

ڕابەرایەتی لە شۆڕشدا گرنگە-ڕابەرایەتی چ لەسەر ئاستی حزب بێت یاخود لەلایەن تاکەکانەوە بێت. بەلشەفییەکان لە هەموو ئاستێکدا ڕابەرایەتییان هەبوو.

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: توانا محەمەد نوری**

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە



# خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن.....هەڵبژاردن و گۆڕانکاری

## نووسینی: بنار مستەفا

## بەشی دووەم

"ئەگەر هەڵبژاردنەکان شتێکیان بگۆڕیایە، قەدەغە دەکران"، نووسەری ئەڵمانی کورت توچۆڵسکی لە سەرەتای ١٩٠٠ کاندا ئەمەی گوت.

ئەم ساڵی ٢٠٢٤ە بە ساڵی هەڵبژاردنەکان لە قەڵەم دەدرێت. لە سەرتاسەری جیهان چەندین هەڵبژاردنی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمار یان پەرلەمان لە ئەمریکا، یەکێتی ئەورووپا، بەریتانیا، ڕووسیا، هند و هتد. تێکڕا لە چل وڵات هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرێت. ئەم هەڵبژاردنانە لە تەواوی دانیشتوانانی گۆی زەوی، نزیک ٣،٢ ملیارد کەس دەگرێتەوە. هەروەها بڕیارە لە کوردستانیش هەر لە ساڵی ٢٠٢٤ هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان ئەنجام بدرێت.

بە ڕواڵەت هەڵبژاردنەکان زۆر دوورن لە یەکەوە و جیاوازیان زۆرە، بەڵام لە پێداچوونەوەیەکی ورد نیشانی دەدات، کە نەک جیاوازییەکان زۆر نین، بەڵکو لێکچوونەکانیان زیاتر دەردەکەون. لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە، بەڵام لە ئەنجامی کۆتاییدا لێکچوونەکان بەرجەستەترن.

جیاوازیان زۆرە بۆ نمونە لە ڕووی شەفافیەت، شێوەی هەڵمەتەکان، ئازادی دەنگدان، خۆکاندیدکردن، ژمارەدنی دەنگەکان و هتد. سەرەکیترین لێکچوونەکانیش لە ئەنجامی هەڵبژاردن و گۆڕانکاری دەورانی دواتردا دەردەکەون، کە لە کەمترین ئاستدان.

ڕۆشنە بۆ نمونە لە ڕووسیا پاش هەڵبژاردن هەر ڤلادمیر پوتین دەبێتەوە سەرکۆمار. لە ئەمریکا ڕۆشن نییە و پەرلەمانی بەریتانیاش ڕەنگە سەرتاپای بگۆڕێت. لەو وڵاتانەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن وەک جاران وایە، بە ئەگەری زۆرەوە یاسا و ڕێڕەوی کۆمەڵگە وەک خۆی دەمێنێتەوە و بڕیارەکانیش لە هەمان چوارچێوەدا دەبن. لەو وڵاتانەش، کە پێیان دەگوترێت هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاری دروست دەکەن، بۆ نمونە سەرکۆمار دەبێتە کەسێکی نوێ، یان پەرلەمان هێزی نوێ بەخۆوە دەبینێت و حکومەت لە ئەحزابی تر پێکدێت، واتە دەسەڵات دەستاودەست دەکات، ڕەنگە هەندێک برگەی یاسایی ئاڵوگۆڕ پێ بکەن، دەرەجەیەک باج زیاد بکەن یان کەم بکەن، لە بیمە کۆمەڵایەتییەکان یان خزمەتگوزارییە گشتییەکان هەندێک زیاد یان کەم بکەنەوە، کۆمەڵێک بڕیاری جیاواز دەربکرێت وهتد. واتە هەندێک ئاڵوگۆڕی بچووک بکەن.

وەکو تر، کۆمەڵگە هەر لە جێگەی خۆیەتی. ئەو کرێکارەی لە نیویۆرک، مۆسکۆ، لەندەن یان نیودەلهی ڕۆژانە دەچێتە سەر کار، تا کۆتایی مانگ بتوانێت کرێی خانووی بدات و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانەی دابین بکات، هەر وەک پێشوو دەبێت درێژەی بدات. ئەو دەرچووی زانکۆیەی لەو شارانە بە دوای کارێکدا وێڵە، ئەو هەژارانەی ڕۆژانە شەڕی زیندوومانەوە دەکەن، پاش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و لە سایەی دەسەڵاتی داهاتوو، بە هەمان شێوەی پێشوو ژیانیان بەردەوام دەبێت. ئەگەر لە بڕگەیەکی یاساییدا ئاڵوگۆڕێک کرابێت یان بڕیارێکی نوێ درابێت و لە بەرژەوەندی ئەم کرێکارە یان بێکارە هەژمار بکرێت، ڕەنگە لە جێگەیەکدا ئاسانکاری بکات. بەڵام بە گشتی ئاڵوگۆڕەکە هێندە بچووک و سنووردارە، کە ڕەنگە هەر هەستی پێ نەکرێت و بە هیچ شێوەیەک دیار نەبێت.

کوردستانیش لەم واقعیەتەی هەڵبژاردن بێ بەش نەبووە. لە سی ساڵی ڕابردوودا چەندین هەڵبژاردن ئەنجامدراوە و چەندین حکومەت پێکهاتووە لە پێکهاتەی جیاواز – لە دوو ئیدارەییەوە تا حکومەتی بنکەفراوان و حکومەتی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و هتد. – ئەزموون کراوە. ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان لە کاتی هەموو حکومەت و ئیدارەکاندا وەک یەک بوون، بە پێی کات خراپتر بووە، بەڵام باشتر نەبووە. گەر گۆڕانکارییەکی ئەرێنیش لە ژیانی خەڵکیدا ڕوویدابێت، ئەوا لە دەرئەنجامی دەنگدان و هەڵبژاردنەکانەوە نەبووە، بەڵکو فشاری کۆمەڵایەتی جەماوەر و دەربڕینی ناڕەزایەتی بووە.

ئەم هاوکێشەیە سادەیە نیشانی دەدات، کە هەڵبژاردن ئامرازی گۆڕانکاری نییە. ئەو زیاتر لە سێ ملیارد مرۆڤەی لە ساڵی ٢٠٢٤ هەڵبژاردنەکان دەیانگرێتەوە، زۆرینەی زۆری ڕەها ژیان و گوزەرانیان لە سایەی هەڵبژاردنەکاندا هەر وەک خۆی دەبێت و هیچ ئاڵوگۆڕێک ڕوونادات. گەر ئاڵوگۆڕێکیش ڕوو بدات، زۆر شکڵییە. گەر ئاڵوگۆڕەکە فراوانتر بوو، ئەوە کاریگەری بابەتێکی ترە، نەک ئەنجامی هەڵبژاردن. ئەمە واقعیەتی هەڵبژاردنە و ناتوانێت ئاڵوگۆڕ بە خواستی خەڵکی پێشکەش بکات.

### بانگەشە بۆ دەنگدان

لێکچوونێکی تری هەڵبژاردنەکان لە سەرتاسەری جیهان، گرنگیدانی بێ ئەندازەیە بە هەڵبژاردنەکان. لایەنەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن بانگەوازی فراوان دەکەن، تا خەڵکی بەشداری بکات و دەنگی خۆیان بدەن. تەنانەت زۆر جار حزبەکان بەشداری خەڵکی لە دەنگدان بە حزبەکانیان بە گرنگتر دەزانن. هۆکاری ئەم بانگەشە فراوانە بە ڕێگەخۆشکردن بۆ خەڵکی لە قەڵەم دەدەن، تا بتوانن کاریگەری لەسەر ژیانی خۆیان و کۆمەڵگە دابنێن. وای نیشان دەدەن، کە هەڵبژاردنەکان لەپێناو بەرژەوەندی خەڵکیدایە. دەنگەکانی خەڵکی بەسەرچاوەی دەستنیشانکردنی دەسەڵاتداران و بڕیارەکانی پێناسە دەکرێن.

بە درێژایی مێژوو چەندین ڕێگا بۆ ئاڵوگۆڕ بەدیکراوە و زۆرێکیان هێشتا لە یاسای وڵاتاندا جێگیرە، وەک خۆپیشاندان، مانگرتن، ڕێکخراوبوون و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆری سیاسی. دەسەڵاتداران بە گەرمی هانی هاوڵاتیان دەدەن بەشداری هەڵبژاردن بکەن، وەک ڕێگایەکی چارەنووسساز بۆ کاریگەردانان لەسەر هێڵی سیاسی دەولەت و گوزەرانی خەڵکی. بەڵام هیچ کات هانی خەڵکی نادەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان ڕێگای تری مەدەنی، وەک خۆپیشاندان، مانگرتن و چالاکی تر ئەنجام بدەن.

هۆکارەکەی بە سادەیی ئەوەیە، کە دەسەڵاتداران دەزانن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە گۆڕانێکی ئەوتۆ ئیمکانی نییە. هەمان سیستەمی سیاسی بەردەوام دەبێت، جێگەوڕێگەی چینەکان لە شوێنی خۆیان دەبن، ئەوپەڕێ کاربەدەستان یان کۆمەڵێک بابەتی لاوەکی دەگۆڕدرێن. لە هەمان کاتدا دەسەڵاتداران پەنجەمۆری خەڵکیان وەرگرتووە بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتیان. حکومەت دەبێتە نوێنەر و دەسەڵاتی خەڵک. وای دەردەخەن، کە خەڵکی خۆیان دەستنیشانیان کردووە کێ و چۆن حکومەت پێکبێت. ئەگەر خەڵکی بەدڵیشیان نەبوو، ئەوا دەتوانن لە هەڵبژاردنی داهاتوو بیگۆڕن.

بێ دەستکەوتی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا مایەی دەستکەوتی گەورەیە بۆ دەسەڵاتداران و لایەنگرانی سیستەمی سەرمایەداری. گەر خەڵکی پێیان وابێت ڕێگەی ئاڵوگۆڕ هەڵبژاردن و دەنگدانە، ئەوا دەست نابەن بۆ ڕێگەی تر. سیستەم ناکەوێتە ژێر مەترسییەوە و خۆی ڕادەگرێت، ئەوپەڕی ڕاپەڕاندنی کارە ئیدارییەکانی لە کەسانێکەوە ڕادەستی کەسانی تر دەکات.

هەروەها تاماشاکردنی نمونەکانی مێژوو دەریدەخات، کە هیچ کام لە ئاڵوگۆڕە فراوانەکان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەدەست نەهاتوون، بەڵکو لە ڕێگەی هاتنەمەیدانی جەماوەری، گوشاری کۆمەڵایەتی، خۆپیشاندان، مانگرتن و شۆڕشەوە بەدەست هاتوون، وەک لە بەشی پێشوودا بۆ نمونە لە باسی بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی ژناندا ئاماژەی پێدرا.

لە کوردستانیش بە هەمان شێوە خواستەکانی خەڵکی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەدەست نەهاتوون. کۆمەڵە دەستکەوتێکی کەم لە ڕێگەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەرییەوە بەدی هاتوون. لە ١٧ی شوباتدا جەماوەر دەسەڵاتیان هێنایە ژێر گوشارەوە و ناچار بە کۆمەڵێک بەڵێنیان کرد. خۆپیشاندەرانی پێنجوین لە ڕێگەی دەربڕینی ناڕەزایەتی و داخستنی شەقامەکان دەسەڵاتیان ناچار بە جێبەجێ کردنی بەشێک لە خواستەکانیان کرد. واتە لە ڕێگەی دەنگدان و ئەنجامی هەڵبژاردنەوە دەستکەوت بۆ جەماوەری خەڵکی بەدەست نەهاتووە.

### لە مافەوە بۆ ئەرک

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئوستراڵیای ساڵی ٢٠١٩ ڕێژەی دەنگی سپی نزیک ٤ ٪ بوو. بە ژمارە مانای نزیک ٦٠٠هەزار کەس دەکات، کە دەنگەکانیان سووتاند. ئەمەش لەوەوە دێت، کە لە ئوستراڵیا دەنگدان ماف نییە، بەڵکو ئەرکە. هەموو کەسێکی سەرو ١٨ ساڵ دەبێت بەشداری هەڵبژاردن بکات و دەنگ بدات، بە پێچەوانەوە سزا دەدرێت. دانی دەنگی سپی و سووتاندنی دەنگ شێوەیەکە لە دەربڕینی ناڕەزایەتی لە لایەن ئەو کەسانەی نایانەوێت دەنگ بدەن و بە زۆر ڕاپێچی سەر سندوقەکانیان دەکەن.

ئوستراڵیا تەنها وڵات نییە، کە دەنگدانی کردۆتە ئیجباری. لە وڵاتانی وەک ئەرجەنتین، بەڕازیل، لوکسەمبۆرگ، بەلجیکا و چەند وڵاتێکی تر بەشداری لە هەڵبژاردن ئەرکی هەموو هاوڵاتییەکی گەورەساڵە. ڕێژەی دەنگی سووتاو لە هەندێک لە هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتانە ٥٪ی تێپەڕاندووە. ئەمەش دەربڕینی ناڕەزایەتییە بە ئەرکی دەنگدان. خەڵکی بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات بۆ ئەوەی خۆی لە سزا بپارێزێت، نەک ئومێدی هەبێت ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی وڵاتدا ئەنجام بدات.

دیموکراتی خەریکە دەگاتە ئەو ئاستەی، کە خەڵکی کەمتر خۆشباوەڕیان پێی هەیە. کاتێک ڕێگەی سروشتی خۆی - کە خەڵکی ئازادانە و خۆبەخشانە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن – ڕووی لە لێژییە و دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە، ڕێگای تر دەگرنە بەر بۆ پاراستنی دیموکراتی، لە شکڵی دەنگدانی زۆرەملێ. ساڵانێکە لە ئەورووپاش باسی بە ئەرککردنی دەنگدان هاتۆتە ئاراوە و ئەگەری هەیە لە ئایندەدا وڵاتانێکی تریش پەیڕەوی لێ بکەن.

ڕێگای دەسەڵاتداران بۆ چارەسەری لێژبوونی خۆشباوەڕێ خەڵکی بە هەڵبژاردن، ڕاکێشانیانە بە زۆر و بە هەڕەشەی سزا بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، تا دەسەڵاتەکانیان شەرعیەت وەرگرن. واتە گەر خەڵکی ئامادە نەبوون "حکومەتی خەڵکی دامەزرێنن"، دەسەڵات بەزۆر پێیان دادەمەزرێنێت. دوور نییە لە ئایندەدا لە سەرتاسەری جیهاندا دەنگدان لە مافەوە بگۆردرێت بە ئەرک و لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی خەڵکیش هەژمار بکرێت.

هەڵبژاردنەکان بۆیە بۆ دەسەڵاتداران و سیستەمی سەرمایەداری گرنگە، چونکە هیچ ناگۆڕێت. ئەگەر شتێکی بگۆڕیایە، بەنگەوازی فراوانیان بۆ نەدەکرد، قەدەغەیان دەکرد...


## درێژەی هەیە...

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# فیلمی ٨٨ فیلمی بچووکردنەوەی هەڵەبجە...

## نووسینی:نەجم محەمەد

بەشی سێهەم و کۆتایی

**وەزیفەی ڕەخنە جوانکردنی ناشیرینیەکان نییە، بەڵکو دەرخستنی ناشیرینیەکانە تا لەئایندەدا جوان دەرکەون...**

ڕەخنەیەکی ترم لەم فیلمە لەڕووی زمان و شێوازی قسەکردن و فۆنەتیکی خەڵکی هەڵەبجەیە کە دیسان کاکی دەرهێنەر لەمەشدا کەوتۆتە هەڵەوە کە حیوارو قسەکان لەم فیلمەدا لەڕووی فۆنەتیک و شێوازی دەربڕینەوە زۆر جیاوازە لەزمانی هەڵەبجەییەکان.

ڕەخنەیەکی ترم لەسەر دەرکەوتنی ئەوتاقە فڕۆکەیە لە فیلمەکەدا کەفڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەرە کە کاکی دەرهێنەر وەک ئاماژە بۆ کیمیایی ڕشتن نیشانمان دەدات، کە بەهیچ شێوەیەک فڕۆکەی وا لەوجۆرە لەکاتی کیمیاییەکەدا وجوودی نەبووە و کیمیایی نەڕشتووە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری فڕۆکەی ترو جیاوازتر بوون بۆردومانی کیمیایی هەڵەبجەیان کرد، ئەمەش هەڵەیەکی ترە کە کاکی دەرهێنەری تێکەوتووە.

ڕەخنەیەکی ترم سەبارەت بەکەسایەتی خاڵەی چایچییە کە مرۆڤێکی سادەو ساکارو خۆشەویستی هەڵەبجەیە و هونەرمەند شەماڵی عەبەڕەش ڕۆڵی کاراکتەری خاڵەی چایچی دەبینێت، خاڵەی چایچی ناوفیلمەکە کەسێکە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و مەعریفی هەیە وخێزاندارە و ئەهلی کتێب ومەشروب خواردنەوەیە، بەڵام خاڵەی چایچی لەواقیعدا نەخێزاندار بوو و نەئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفیشی بەوشێوەیە بوو نەئەهلی کتێب و مەشروب خواردنەوە بوو، خاڵە بابایەکی سادەو ساکاربوو.

هەڵەیەکی تر کە کاکی دەرهینەری تێکەوتووە پەیوەندی بەژیانی ئاسایی و ڕۆتینی خەڵکەوەیە لەکاتی داگیرکردن و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا کە لەم فیلمەدا ژیان هەروەک ڕۆژان وجارانی هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت، بەجۆریک تەنانەت خاڵەی چایچی لە فیلمەکەدا خەریکی کتێب خوێندنەوەو مەشروب خواردنە، وەک ئەوەی هێشتا لەئارادا نەبێت و ڕووی نەدابێت کەلەڕاستیدا وا نییە لە١٣ و١٤ و١٥ مانگی ٣ ئیتر لەهەڵەبجەدا ڕیتم و ڕۆتینی ژیانی ئاسایی خەڵکی هەڵەبجە بەتەواوی شێواو وەک جارانی نەماو تێکچوو،




هەموو خەڵکی هەڵەبجە هەموو هەم و غەمێکیان هەوڵ و بیری خۆ ڕزگارکردن بوو.

چەندین چیرۆک و تاوانی تاڵ لەجینۆسایدی هەڵەبجەدا هەیە کە شاردراوەتەوە...

یەکێک لەو چیرۆک و تاوانە تاڵانەی ناو کیمیابارانی هەڵەبجە چیرۆکی گیانبەختکردنی ٦٨ پێشمەرگەی گوردانی شوانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران بوو، لەشەڕێکی ئازایانەو نابەرابەردا لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران نیزیک ڕووباری سیروان. لەم فیلمەدا هیچ ئاماژەی پێنەدراوە کە ئەم چیرۆکە دەکرێ دەیان فیلمی جوانی لێ دروست کرێ. یان چیرۆکی تاڵ و بەربەریانەی لاقەکردنی ژن بەمردووی کەکیمیایی بەرکەوتوە، دەکرێ بەهێزترین فیلمی لەسەر دروست کرێ.

دیارە ڕەخنەو سەرنج و تێبینیەکانم زۆرن لەسەر ئەم فیلمە، چونکە فیلمەکە ناوی ٨٨ هەڵگرتوە، ئەمە بۆنموونە فیلمی ئالوودە نییە کەفیلمێکی کۆمەڵایەتییە دەرهینەر تیایدا ئازادەو دەتوانی هەموو ئیزافەو گۆڕانکاریەک بکا، بەڵام لەفیلمێک کەمێژووی جینۆساد دەگێڕێتەوە ئەوکارە ناکرێ و هەڵەیە، هەربۆیە لێرەدا کۆتایی پێ دێنم و بەپێویستی دەزانم وەڵامیکی کورتی ئەو ڕایانە بدەمەوە کە دەڵێن پێویستە لەڕێی سینەماوە جینۆسایدی هەڵەبجە بەجیهان بناسێنرێت و ئەم فیلمە ئەوکارە دەکات، من لەوەڵامدا دەڵێم، یەکەم جارێ ئێمە شتێکمان نییە ناوی سینەما بێ ئەوەی هەمانە هەوڵی گەیشتنە بە سینەما. ئیمە جارێ سینەمامان نییە ئیتر لەکوێ وە جینۆسایدی هەڵەبجەی لەڕێگەوە بناسێنین.

دووەم هەرگیز لەڕێی سینەماوە ناتوانین جینۆسایدی هەڵەبجە بەجیهان بناسینین، ئەم کارە لەڕێی سینەماوە ناکرێ، بەڵکو لەڕێی نەتەوەیەکگرتوەکان و دادگایەکی نێو دەوڵەتیەوە دەکرێ.

ئەم فیلمەش هەروەک ناسیونالیزمی کوردی راستییەکانی مێژووی جینۆسایدی هەڵەبجەی ئاوەژوو و شێواندوە و تاوانە دزێوەکانی ناو کیمیابارانی شاردۆتەوە و چەندین چیرۆکی تاڵی ناوکیمیابارانی خنکاندوە و ڕاستییەکانی وەک خۆی نەگەیاندۆتە نەوەی نوێی ئەمڕۆ و مێژوویەکی چەواشە و ئاوەژەوی نووسیوەتەوە و ئەرکی ئێمەشە ئەومێژووە ڕاست کەینەوە...

**ئەم فیلمەش هەروەك ناسیونالیزمی كوردی راستییەكانی مێژووی جینۆسایدی هەڵەبجەی ئاوەژوو و شێواندوە و تاوانە دزێوەكانی ناو كیمیابارانی شاردۆتەوە و چەندین چیرۆكی تاڵی ناوكیمیابارانی خنكاندوە و ڕاستییەكانی وەك خۆی نەگەیاندۆتە نەوەی نوێی ئەمڕۆ و مێژوویەكی چەواشە و ئاوەژەوی نووسیوەتەوە و ئەركی ئێمەشە ئەومێژووە ڕاست كەینەوە...**



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## دەربارەی گرنگیی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی ئاشکرا

## بەشی دەهەم

لە بەشەکانی پێشوودا تا رادەیەک بە درێژی لە روونکردنەوەی گرنگیی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست لە روانگەی پێکەوەگرێدانی کاری نهێنی و ئاشکرا لە هەڵسووڕانی رۆتینی حیزب، رێکخستن و رێنمایی ئاکسیۆنەکان و کاریگەرییان لەسەر جەماوەری کرێکاران دواین. لە کۆتایی بەشی دووەمدا ئاماژەمان بە بەیەک زنجیرە پرسیاری عەمەلیی گرنگ لە مەیدانی رێکخستنی ئاژیتاتۆر و پەیوەندیی عەمەلی ئەو لەگەڵ شانە و رێکخراوی حیزبدا کرد. سەرخەتی گشتی پرسیارەکان ئەمانەبوون: پەیوەندیی ئاژیتاتور لەگەڵ شانەی نهێنی چۆن دەبێ پێک بێت و بپارێزرێت؟ رێنمایی عەمەلی و کونترۆڵی هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆر چۆن دەبێ لە لایەن رێکخراوی نهێنییەوە ئەنجام بدرێت؟ فێرکردن و بارهێنانی رێک و پێکی ئاژیتاتۆری عەلەنیکار لە لایەن رێکخراوی نهێنییەوە چۆن دابین دەکرێ؟ ئاژیتاتۆر چۆن لە ژیانی ناوخۆی یەک حیزبی نهێنیدا دەخاڵەت و بەشداری دەکات و لە دواییدا مەسەلەکانی گوزەران و ئەمنییەتی ئاژیتاتور چۆن چارەسەر دەکرێ؟

لێرەدا لە کۆتایی باسەکەدا پێویستە بە پێی توانا چەند خاڵێک لە پێناو وەڵامدانەوە بەم مەسەلە عەمەلییانە، بە لەبەرچاوگرتنی بار و دۆخی سەرکوتگەرانەی ئێستاوە بخەینە روو. ئاشکرایە ئەوەی کە لێرەدا وەکوو "رێگاچارە"، یان ئەو رێگاچارە رێژەییانەی ناوی دەهێنین دۆگمی نەگۆراو نین. هەم گۆرانی رۆژگار و هەم کەڵەکەی ئەزموون و پەرەگرتنی ئیمکانات، شێوەکانی عەمەلیی رێکخستن و هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆری عەلەنی لە پەیوەست بە رێکخراوی نهێنییەوە دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەڵام بە هەر شێوەیەک بێ ئەوەی کە لێرەدا دەووترێ، دەتوانرێ لەدەورەی ئێستادا ئەلگۆی سەرەتایی و کەم تا زۆر قابیلی تەعمیم بۆ هەڵسووڕانی ئێمە لەم زەمینەیەدا بێت. شایانی باسە ئەوە بڵێین کە بەو هۆیەوەی وتارەکە کراوە بە سێ بەشەوە، لە هەر بەشێکدا هێندێک خاڵ هەن بە ناچاری بە مەبەستی زیندووهێشتنەوەی زەمینەی گشتیی باسەکە دووبارە دەبنەوە.

### ۱) کار لەگەڵ رابەرانی مەوجود

لە پێشەوە گوتمان کرێکارانێک کە ئێمە دەمانەوێ بۆ پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستییەکان کاریان لەسەر بکەین، دەتوانرێ بە گشتی و بە شێوەیەکی رێژەیی بە دوو دەستە دابەش بکرێن: یەکەم، رابەرانی بەکردەوە مەوجود لە بزووتنەوە نارەزایەتییە کرێکارییەکاندا، واتا کرێکارانێکی خەباتگێڕ کە هەر ئێستا خاوەن نفوزی عەمەلیی جیددین لەنێو جەماوەری کرێکاران لە یەکە کرێکارییەکاندا. دووەم، خاوەن ئامادەییەکان، کە لە حاڵەتی شکڵگرتندان و کرێکارانێکی نارەزا، جوامێر و هۆشیاری تازە کە دێنە مەیدانی رابەرییەوە.

کار لەگەڵ رابەرانی مەوجود خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی. خۆ لە رێکخراو دزینەوە، دەرکی نارۆشنیان لە ئامانجەکان و رەوشتەکانی حیزبی کۆمۆنیست، کە بەرهەمی تەحریفاتی ریڤیژینیستی لە کۆمۆنیزم و لاوازییەکانی دامێنی هەڵسووڕانی تا ئێستای حیزبمان، محافەزەکاری ئەمنییەتی لە پەیوەند بە رێکخستنی نهێنی و تەوەهوماتی ئیکۆنۆمیستی و سەندیکالیستی، ئەمانە لایەنە سەرەکییەکانی ئەو رێگرییانەیە، کە پەیوەستبوونی ئەم کرێکارانە بە ریزەکانی حیزبەوە دژوار دەکات. لەبەرامبەردا ئەزموونی زۆر، ناسینی میکانیزمەکانی کاری ئاشکرا لەنێو کرێکاران و خۆپاراستن لەبەرامبەر گوشاری سەرکوت و جموجووڵی بەکرێگیراوانی بۆرژوازی، دەرکی خێرای مەوقیعەت و وەرەی کرێکاران، چەند خاڵێکی پۆزەتیڤن، کە ئەم کرێکارانە لێی بەهرەمەندن و لە حاڵەتی رووهێنانیان بۆ مارکسیزمی شۆرشگێر و یەکگرتنیان لە حیزبی ئێمەدا، ئەوان دەکاتە ئۆرگانی بەهێزی بەرەو پێشبردنی سیاسەتی کۆمۆنیستی لەنێو کرێکاراندا.

سەردەمی راکێشانی ئەم هاورێیانە بە گشتی سەردەمێکە، کە ئەوانە پەی بە گرنگی کارکردن لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا دەبەن و وەلام بە پێویستیی گیرسانەوەی خۆیان لە ریزەکانی رێکخراوی حیزبدا دەدەنەوە. تەوەرەی ئەم سەردەمەی راکێشان، ماناپێدانی کۆمۆنیزمە لە دیدگای ئێمەوە و روونکردنەوە و فێرکردنی شێوەکارەکان و ئامانجە کۆمۆنیستییەکانە. ئەگەر رەخنە لە بیروباوەرە نادروستەکان رۆڵی حەیاتیی هەیە، فێرکردنی شێوەکارە تایبەتییەکانی ئێمەش بەهەمان رادە حەیاتییە. هەر بۆیە هاورێیانێک کە لێپرسراوێتی راکێشانی رابەری کرێکارییان بەرەو حیزب لە ئەستۆیە، دەبێ لە باشترین مورەویجەکانی ئێمە بن. پەیوەندی ئەم هاورێیانە بەم کرێکارە پێشڕەوانەوە هەر لە سەرەتاوە دەبێ لە چوارچێوەیەکی ئەمنییەتی بالادا پێک بێت. قەرارگرتنی ئەم پرۆسەیە لە دڵی پەیوەندییەکی سروشتیدا، سپاردنی بەرەوپێشبردنی ئەم پەیوەندییە بە یەک کەس و کەمکردنەوەی زانیاریی هاورێیانی تری کۆمیتە، یان شانەی نهێنی حیزب لە پێناس و مەیدانی کار و هەڵسووڕانی ئەم هاورێ کرێکارانە بۆ کەمترین رادەی مومکین، مەرجی پێویستی پاراستنی ئاسایشی هەردوو لای شانە و ئەو هاورێ کرێکارانەیە.

لە راپۆرت نووسین بۆ ئۆرگانەکانی سەرەوەی حیزب، سەبارەت بە شێوەی پێشکەوتنی ئەم پەیوەندییە کرێکارییە، دەبێ لانی زۆری دیقەت لە کاردا هەبێ، کە لە رێگەی بەرتەسککردنەوەی زانیاریی ئەمنییەتی نێو راپۆرتەکان و بە کەڵک وەرگرتنی جیددی لە باشترین هێما بۆ هێنان و بردنی هەواڵەکان، ئەمنییەتی کرێکارانێک کە لەگەڵ ئەواندا پەیوەندیمان هەیە، تەنانەت لەو حاڵەتەشدا، کە راپۆرتەکان بکەونە دەستی بەکرێگیراوانی دوژمن هەر پارێزراو بێت. دەبێ کارێک بکرێ کە مەترسی ئەمنییەتی پەیوەستبوون بە حیزبی کۆمۆنیستەوە بۆ کرێکارانی پێشرەو، ئەوەندەی دەکرێ کەم بکرێتەوە و ئەم هەوڵەی خۆمان بۆ کرێکارانێک کە مەبەستمانە روون بکرێتەوە. فیداکاری لە بردنەپێشەوەی ئەرکی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست بۆ ئەندامانی حیزب فەرزە، بەلام چاوەروانی فیداکاری بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ حیزب لە کرێکارانێک، کە هێشتا رەوابوونی رێگای شۆرشگێرانەی ئێمەیان بەو رادەیەی کە پێویستە لا رۆشن نییە، شتێکی بێ جێیە.

ئەوە ئێمەین کە دەبێ بەسەر یەکەمین بەربەستەکاندا سەربکەوین و ئەگەر یەکێ لەم بەربەستانە موحافەزەکاری، خۆدزینەوە لە رێکخراو، کە بە پلەی یەکەم جەلادانی کۆماری ئیسلامی و بە پلەی دووەم سەتحیکاریی پۆپۆلیستەکان لە رابردوودا خستوویانەتە دڵی کرێکارانەوە، ئەو کاتە ئەوە ئێمەین، کە دەبێ وەکوو حیزبێکی سیاسی و پەیماندەری چینی کرێکار بە خستنەگەری وزەی زیاتر ئەم بەربەستانە پووچەڵ بکەینەوە. بە رادەیەک کە کرێکاران باوەر بە پەیامی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست دێنن، بە هەمان رادەش لەخۆبردوو دەبن. بەلام ئەمە هەلومەرجێکە، دەبێ کاری بۆ بکەین، نەک وەک گریمانە وەری بگرین.

هەر چۆنێک بێت لەم پەیوەندییانەدا ئێمە توانای ئەوەمان دەبێ، بەشێک لەم رابەرە عەمەلییانە بگۆرین بە کۆمۆنیستی بەلێندەری حیزب و رێکخراو لە حیزبدا. لێرەدا ئیتر کارکردنی ئەم هاورێیانە لە مەیدانی ئاژیتاسیۆن و رابەرایەتیی عەمەلیدا، دەبێتە مەسەلەی حیزب و مەسەلە تەکنیکی و عەمەلییەکانی رێکخستنی حیزبیانەی ئاژیتاتۆریش ئیتر بە شێوەیەکی جیددی بۆ ئێمە دێنە ئاراوە... **ماویەتی**

**فیداکاری لە بردنە پێشەوەی ئەرکی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست بۆ ئەندامانی حیزب فەرزە، بەلام چاوەروانی فیداکاری بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ حیزب لە کرێکارانێك، کە هێشتا رەوابوونی رێگای شۆرشگێرانەی ئێمەیان بەو رادەیەی کە پێویستە لا رۆشن نییە، شتێکی بێ جێیە...**

# ئامانج و لێکەوتەی هێرشە درۆنیەکان چییە؟

**عەبدوڵا مەحمود**

بەدوای کردەوەی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبەری ساڵی رابردو بۆسەر شارە یەهودی نشینەکان و داگیرکاری بەردەوامی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر فەلەستینیەکان پاشان هێرشی بەبڵاو و کوێرانە بۆسەر غەززە، رەوت و گروپ و ئیسلامیەکان، لە تەواوی ناوچەکەدا، وەکو کاردانەوەیەک لەبەرامبەر بە ئیسرائیل و ئەمریکادا، سەریان بەرزکردۆتەوە، لەو چوارچێوەیەدا چ حوسییەکانی یەمەن کە جەنگی بەوەکالەت بۆ ئیران لە چوارچێوەی ململانیی ئیران لەگەڵ ئەمریکا دەکەن، هێرشەکانیان بۆسەر کەشتیەکانی دەریای سور دەستپێکردووە و چ هیزو گروپەکانی تر ئیسلامی بەتایبەتیش ئەوانەیان کەسەر بە ئیرانن، هێرش دەکەنە سەر بنکەو بارەگا سەربازی و فرۆکەخانەو هەموو ئەو جێگایانەی کە رایەڵ و پۆیەکیان بە ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هەیە. لەو چوارچێوەیەدا لە ماوەی سێ مانگی رابردوودا دەیان هێرشی درۆنی و ساروخی و موشەکی بۆسەر بنکەو بارەگاکانی ئەمریکا و تەنانەت فرۆکەخانەی هەولیر و بارەگای پیشمەرگە لە هەریمی کوردستاندا، کراوە. دیارە پێشوتریش هێرشی درۆنی و موشەکی دەکرایە سەر هیزو بنکەکانی ئەمریکا لە عیراق و هەرێمدا، بەڵام ئەوەی ئەمجارەیان راستەخۆ پەیوەندی بەدۆخی تازە و جەنگ و داگیرکاری ئیسرائیل و پشتیوانی بێدرێغی ئەمریکا لە ئیسرائیلەوە هەیە.

**راستە رۆژهەلاتی ناوەراست بەهۆی چارەسەرنەبوونی کێشەی فەلەستین و داگیرکاری ئێستای دەوڵەتی ئیسرائیلەوە هێشتا ناوچەیەکی نا ئارام و ناجیگیرە، بەلام ریگەگرتن لە پەل هاویشتن و فراونبوون و دەرگیر بوونی ولاتانی تر، ئەو ستراتیجە هاوبەشەی ئیران و ئەمریکایە و کە بۆتە مایەی ئەوەی جەنگ و ناجیگیری و پشێویەکە سنوردار، بێت.**

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمریکا ئیران بە هاوکار و پشتیوانی ئەو هێزو گروپانە دەزانیت کە هێرشەکانیان ئەنجام دەدەن، بەڵام نەک کاردانەوەیەکی بەرجەستەی بەرامبەر بە ئێران نییە، بەڵکو وا دێتە بەرچاو کە رێکەوتنێک لە نێوانیاندا پێکهاتبێت، کە مەبناکەی گەورەتر لەوەیە کە هێرشی چەند گروپێک ببیتە هۆکار بۆ توندبوونەوەی کێشمەکێشی نیوانیان لە ئاستی عیراق و ناوچەکەدا. بۆ ئیرانیش بۆردمان و کوشتنی چەندین فەرماندەی هێزەکانی بەرەی مقاوەمەی عیراقی و هێزەکانی سەر بەئیران، هیچ کاردانەوەیەکی جدی ئیرانی بەدوای خۆیدا نەهێناوە... ئەمەش بەرۆشنی ئەو راستییە بەیان دەکات، کە بەرژەوەندییەکانی ئیران و ئەمریکا لە ئێستادا خۆی لە ئارامی و ئاساییکردنەوەی دۆخی عێراقدا، دەبینێت، کە راستەوخۆ کۆمەک دەکات بە ئارامی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا...

راستە رۆژهەلاتی ناوەراست بەهۆی چارەسەرنەبوونی کێشەی فەلەستین و داگیرکاری ئێستای دەوڵەتی ئیسرائیلەوە هێشتا ناوچەیەکی نا ئارام و ناجیگیرە، بەلام ریگەگرتن لە پەل هاویشتن و فراونبوون و دەرگیر بوونی ولاتانی تر، ئەو ستراتیجە هاوبەشەی ئیران و ئەمریکایە و کە بۆتە مایەی ئەوەی جەنگ و ناجیگیری و پشێویەکە سنوردار، بێت.

هێرشی حوسیەکان بۆسەر کەشتیەکان لەدەریای سوور، بۆردومانی بنکەکانی ئیران لە سوریا لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە، هێرشی گروپەکانی سەر بەئیران بۆسەر بنکەو بارەگاکانی ئەمریکا... زۆرتر گەمە و پێکداپژانێکی لاوەکی و دەرهاویشتەی دۆخێکی تازەیە. دۆخێک کە ئەمریکا ئەو پێگەیەی نییە لەیەک کاتدا بەرەکانی جەنگ بەرووی خۆیدا بکاتەوە، بەتایبەتی کە داروخان لە بەرەی جەنگی ئۆکرانیادا، بەرۆشنی دیارە. لە جەنگی ئیسرائیل لەدژی حەماسدا دوبارە دەبینرێت و هێشتا حەماس بەرگریەکی توند دەکات و ئەوەی کە ئیسرائیل پێشبینی دەکرد لەماوەیەکی کورتدا کۆتایی بەحەماس بینێت، بە جێگایەک نەگەیشت. جیا لەوانە ئەمریکا شکستی خوارد لەوەی غەرب و یەکێتی ئەوروپا، بۆ درێژمەدا لەپشتی خۆی و ئیسرائیل رابگرێت و ئەنجومەنی ئاسایش، بەوجۆرە رازی بکات کە خوازیاری بوون. لەسەر ئاستی شەقامیش، بزوتنەوەیەکی فراوانی کریکاری و ئازادیخوازی بەرووی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی غەززە لەلایەن ئیسرائیلەوە هێنایە مەیدان و هاوکات جارێکی تر خواستی چارەسەری کێشەی فەلەستن بووە ویردی سەدان ملیۆن ئینسانی دنیا و کۆمەڵگەی نێودەولەتی و لەوانەش زیاتر، درۆی دیموکراسی لەچاوی بێداری ئینسانیەتی ئەم سەردەمەدا، هێندە بێ ئابرو بووە، ناڵیکی قوتابخانەیەکی سەرەتایی پێ فریونادرێت. هەموو ئەمانە وایان کردووە ئەمریکا دەستپارێزی بکات و لەوەش زیاتر مل بە واقعیەتی داشکانی پێگەی خۆی لەسەر ئاستی دنیا و ناوچەکە بدات...

هیرشی درۆنی و ساروخی لەگەڵ ئەوەدا ریشەیان لە دۆخی ئێستادایە بەتایبەتی جەنگ لەغەززە، هاوکاتیش بەدوای ئامانجی دیاریکراوەوەیە، بەلام لێکەوتەکانی گشتگیر و ناوچەیی و دەوڵەتی نین، بەڵکو خۆجیی و سنوردار و بەرتەسکن. هێز و گروپە ئیسلامیەکان دەیانەوێت گوشار لەسەر دەسەلات دروست بکەن پرسی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق یەکلایی بکاتەوە، هەروەها هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق هەراسان بکەن کە ئەوانیش بیر لە ریکەوتن لەگەڵ عێراق بکەنەوە تا پرۆسیسی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانیان، بە ئاکام بگەیەنن. ئەمانەش لە بنەرەتدا خواستی ئیرانن چ وەکو دەوڵەتیک لەناوچەکەو چ وەکو براوەی ململانیی لەگەڵ ئەمریکا لە عێراقدا، کە توانیویەتی هەژموون و باڵادەستی خۆی بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵات و بریار و تەنانەت دەسەڵاتی دادوەریدا!!! لە عێراقدا بسەپێنێت.

جیا لەوانە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، لە چوارچێوەی عیراقدا هێندە لە ژێر گوشار و پلیشانەوەدایە، کە هیچ ریگا و کارتێکی نەک بۆ هێرش، بەڵکو بۆ بەرگری لەخۆکردنیش لەدەستدا نییە، بۆیە بەجیا لەوەی دۆسیەی نەوت و غاز و ئابوری و دەسەلاتی یاسایی پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانیەکان و پرسی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان...تاد لەدەست دەرهێنراوە و بە قورسی هەناسە دەدات، لە ژێر رەحمەتی هێرشە درۆنیەکانیشدا هیچ توانایەکی نییە، زۆنی سەوز درۆنی تورکی و هەژموونی ئیران تەراتینی تیا دەکات و زۆنی زەردیش هەژموونی تورکی و درۆنی هیزەکانی سەر بەئیران تەراتێنی تیا دەکەن و دەسەڵاتی هەردوو لاش هاوار و داد بۆ دەسەڵاتی ناوەند دەبەن، کە بەئەرکی خۆی هەڵسێت و ئەمنیەتی سنورەکان و ئاسمانیان بپارێزێت. ئەوەش بەکردەوە دەسەلاتی پاراستنی سنور و ئەمنیەت رادەستی بەغدا دەکاتەوە و بەکردەوەش هێزی چەکداری حزبەکان لە پرۆسیەکەدا بەرەو ئەوە پەلکیش دەکات، کە لەناو سوپاو هیزی بەرگری عیراقیدا بتوێنرێنەوە.

پارتی و یەکێتی و سەرجەم هیزەکانی بۆرژوازی کورد و نوخبەی سیاسی ناسیونالیستی، بەپێچەوانی زوربەی هیزو لایەنە سیاسیە بۆرژوازییەکانی عێراق، لە نەبوونی هیچ ئەڵتەرنایڤ و پرۆژەیەکی دیاریکراو لە سەرەتاکانی جەنگی کەنداوەوە بەشێک بوون لە پشیوازی کەرانی لە داگیرکاری ئەمریکا و غەرب و خەونی گەورەو بچوکی خۆیان بە ئەمریکاو غەربەوە بەستەوە. ئێستا کە خەریکە رۆڵ و پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکەو عێراقدا بەرەو لاوازی دارمان دەچێت و ئەمریکا ناچار بە پاشەکشەکردن و کشانەوەی هێزەکانی دەکرێن، خەونەکانیان بەرەو پوکانەوەو لەگەڵ پاشەکشەی یەکجاری هیزەکانی ئەمریکاشدا، هیندەی تر توشی پشت شکان و تەریک کەوتنەوە و ناچار بە خۆبەستنەوە و ملدانی بێ ئەمما و ئەگەر بە خواستەکانی بەغدا دەبن، کە ئەوەش کۆتایی دەورەیەک و سەرەتای دەورەیەکی نوێیە.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی داڕزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.ne



**سەمیر نوری: هیچ کات ناسیونالیزمی کورد بەتەمای جیابونەوەی کوردستان و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان نەبوو هەمیشە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق شعاری ڕابەرانی کورد بووە لە شیخ مەحمود ومەلا مستەفاوە بگرە تا ئێستا، ئەوان ڕفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان وەرقەیەك بوو بۆیان بۆ وەرگرتی پشکی زیاتر...**

## دیمانە لەگەڵ هاوڕێ سەمیر نوری سکرتێری کۆمیتە مەرکەزی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری چەپی عێراق، سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا لەسەر دەسەڵاتی هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر خەڵکی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی...

**بۆپێشەوە: بڕیار و گوشارەکانی بەغدا لە دوای شەری سەربازی دژی داعشەوە بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم، بەردەوامە، هۆکاری سەرەکی ئەم گوشارانە چییە؟**

**سمیر نوری:** ئەم کێشەیە کاتی نییە، ئەم کێشەیە پەیوەندی بە تەعریفی پێکهاتەی عێراق، و دابەش کردنی کۆمەڵگەوەوەیە بە کیاناتی قەومی و تایفی و دینیەوە کە لە پرۆسەی سیاسی ئازادکردنی عێراق!! "لیبرەیشن" وە هەیە کە دەسەڵات لە عێراق بە کوردستانیشەوە لە نێو سێ هێزی کۆمەڵایەتی سیاسی دا دابەش کرا شیعە و کوردو سنە، لەژێر ناوی فیدڕاڵیەتی قەومیدا تەعریف کرا. تێکشکاندنی داعش فرسەتێ بوو بۆ حکومەتی عێراق کە هەموو ئەو ناوچانەی کە بە ناوچە کێشەلەسەرەکان ناسراوە و لە کاتی هێرشی داعش کەوتبوە دەستی ناسیونالیزمی کورد و داسەپاندنی دەسەلات بەسەر ئەو ناوچانە بە هێزی چەک و هێزی پێشمەرگە، کە ئەبوایە چارەنوسی ئەم ناوچانە لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی یاسای ١٤٠ لەڕێگای ئاشتیانەوە و دەنگدانەوە چارەسەربکرێن. کە دیارە یەکێتی و پارتی ئەوەیان نەدەشاردەوە و چەند جار ڕایانگەیاندبوو کە چارەنوسی ناوچە کێشە لەسەرەکان یەکلابوونەتەوە.

حکومەتی عێراق بە پشتیوانی جمهوری ئیسلامی و بە چرا سەوزی هاوپەیمانی دژی داعش ئەو ناوچانەی خستەوە ژێر دەستی حکومەتی عێراقەوە. ئەنجامدانی ڕفراندۆم (کە حەقێکی ئینکارنەکراوی خەڵکی کوردسانە) لەلایەن ناسیونالیزمی کورد و بەتایبەتی پارتیەوە کاردانەوەیەک بوو بۆ بەرگری لەم هێرشە و داگیرکردنەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان. فیدراڵەیەتی قەومی خۆی یانی ئەم شەڕ و پێکدادانانە.

بۆپێشەوە: گوشارە بەردەوامەکانی بەغدا **بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**سمیر نوری:** نا بەعەکسەوە فیداڵیەتی قەومی و دەستورەکەی کە ئەم فیدراڵیەتەی تەجسید دەکات سەرچاوەی ئەم گوشارانەیە. ئێمە لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنی دەسەڵاتی فیدراڵیەوە ئەوەمان ڕاگەیاند ئەم فیدراڵیەتە کۆنەپەرستانە و سەنگەر لێدانی قەومی و تایەفیەگەری بەر جەستە دەکاتەوە و کێشە قەومی و ئەتنیکیەکان توند تر دەکاتەوە، کێشە قەومی چارەسەر ناکات، بەڵکو توندی تری دەکاتەوە.

> **لە ئاستی باڵا ناسیونالیزم لەپەرلەمان هەن و سەرۆك کۆماریان بەدەستیەوەیە چەندان وەزیر وپۆستی باڵایان لەدەسەڵاتدا هەیە لەدەستور و دەسەڵات و لەتەشریعیدا شەریکن. ئەوان لە خوارەوە خولقاندنی دوژمانیەتیان لە نێوان کورد زمان و عەرەب زمانیان کردوەتە گۆپاڵی دەستیان لە دژی یەکگرتنی بزوتنەوە جەماوەرییە سەرتاسەریەکانی عێراق وکوردستان لە دژی دەسەڵاتەکەیان...**

ئەوەش ڕوونە هاوسەنگی هێز بەلای کێ دا بشکێتەوە دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەوانی تریان، ئەوەتا بەبەرچاوی هەموو دنیا چەندان ناوچەی سونە نشین ناتوانن بچنەوە شوێنەکانی خۆیان. هەزاران گەنجی ناوچە سونەنشینەکانی لەلایەن میلیشیا ئیسلامیەکانەوە بێ سەرو شوێن کراون، نە چارەنوسیان ئەوان دیارە و نە ڕێگە دەدرێتە خەڵکی ئەو ناچانە بگەڕینەوە سەر خاکی باب وباپیرانیان، سەرەڕای ئەوەی داعش دەمێکە ملی شکاندوە لەو ناوچانە نەماون .

**ئەوەی ئەنجام دەدرێت سەرئەنجامی فێدراڵیەت و دەستورە و پشکشینەی دەسەڵاتە لەنیوان کورد وشیعە و سونەو هاوسەنگی هێز سەنگی مەحەکی ئەو دەستورەیە.**

**بۆپێشەوە:** ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵ بوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟

سمیر نوری: کوردستان لە ١٩٩١وە سەربەخۆ تر بوو کە حکومەتی بەعس هێشتا لەسەر کار بوو، هیچ کات ناسیونالیزمی کورد بەتەمای جیابونەوەی کوردستان و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان نەبوو هەمیشە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق شعاری ڕابەرانی کورد بووە لە شیخ مەحمود ومەلا مستەفاوە بگرە تا ئێستا، ئەوان ڕفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان وەرقەیەک بوو بۆیان بۆ وەرگرتی پشکی زیاتر لەدەسەڵات. ئەگینا خەڵکی کوردستان چەند جار داوای جیابونەوەیان بەرزکردەوە، بەلام ناسیونالیزم کورد کردویانەتە وەرەقەی سەر مێزی ڕێکەوتن.

لە ئاستی باڵا ناسیونالیزم لەپەرلەمان هەن و سەرۆک کۆماریان بەدەستیەوەیە چەندان وەزیر وپۆستی باڵایان لەدەسەڵاتدا هەیە لەدەستور و دەسەڵات و لەتەشریعیدا شەریکن. ئەوان لە خوارەوە خولقاندنی دوژمانیەتیان لە نێوان کورد زمان و عەرەب زمانیان کردوەتە گۆپاڵی دەستیان لە دژی یەکگرتنی بزوتنەوە جەماوەرییە سەرتاسەریەکانی عێراق وکوردستان لە دژی دەسەڵاتەکەیان. خواستی

> **خەڵك پیویستیان بە هێزیکی سیاسی سۆشیالستی و چەپی هەیە کە بیانپەڕێنتەوە لە ژێر نفوز و کارکردی ڕاستی کۆمەڵگە دەریان بهێنی. تا ئاڵوگۆڕێکی جدی لەهاوسەنگی هێزی نێوان چەپ و ڕاستی کۆمەڵگە بەبەرژەوەندی زۆرایەتی خەڵك تەواو نەبێ زۆر چاوەڕوانی ئاڵ وگۆڕی جدی نەکەین...**

هەڵوەشانەوەی ئەم پشک پشکێنەیەی دەسەڵات سەرلەوحەی داواکاریەکانی بزووتنەوەی تشرین بوو. بۆیە لەبەرژەوەندی خەڵکە یەک بزووتنەوەی جەماوەری سەرتاسەری بەڕی بخەن لەدژی دەسەڵات.

**بۆپێشەوە: بەشیک لەخەڵکی کوردستان بەتایبەتی موچەخۆران، دەیانەوێت بەغدا موچەیان بداتێ و لە ژێر دەسەڵاتی هەرێم نەمێنن، ئایا ئەوە کیشەی موچە چارەسەر دەکات"؟**

**سمیر نوری:** ئەگەر کێشەی موچە لە ڕیگای بەغداوە چارەسەر بکرێ کارێکی باشە، ئەم بزوتنەوەیە بزووتنەوەیەکی ئابوریە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی، چۆن چارەسەر دەکرێ کێ ئەم داواکاریانە وەڵام دەداتەوە با وەڵام بداتەوە، وەلام دانەوەی لە قازانجی خەڵکە. ئەگەر لەکێشمەکێشی ناسیونالیزمی کورد و حکومەتی بەغدا چارەسەریان دەست دەکەوێت، خەڵک نابێت سڵ لەوەبکەنەوە، لایەنێکی تری ئیجابی لەم مەسەلەیە ئەوەیە خەڵکی کوردستان و خەباتی بەرحەقی خەڵکی عێراق ئەبەستێتەوە بەیەکەوە، ئێمە مانانیش دەبێ ئەم پرۆسێسە گەشە پێ بدەین کاری جدی بکەین بۆ ئەم مەسەلەیە.

بەڵام مەسەلە ئەوەیە ئایا خەڵکی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەمان مشکیلەیان نییە، ئایا هەزاران مامۆستا بێ کار نین؟ ئایا مامۆستانی وانەبێژ هەمان دەردیان نییە؟ ڕێژەی بێکاری زۆر لە کوردستان زیاتر نییە؟ ڕێژەی خوار هێلێ هەژاری لەهەندی شاری خواروو خۆی دەدا لە ٥٠٪ ، بە کوردیەکەی دەنگی دهۆڵ لە دوور خۆشە.

کێشەی بێ موچەیی و دانەمەزاردن و بێکاری و هەژاری پەیوەندی بە بازار ئازاد و داسەپاندنی سک هەڵگوشینی و تەقەشوف بە سەر خەڵکەوە هەیە لەسەراسەی عێراقدا، ئازادی لە برسا مردن لە بازاری ئازادا حەقی هەموو کەسێکە.

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبووی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟ لاتان وایە جارێکی تر ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان دوبارە دەبێتەوە؟**

**سمیر نوری:** شتێک نەماوە بە ناوی ستەمی میللی، زمانی کوردی زمانی ڕەسمیە لە عێراق، سەرۆک کۆماری عێراق کوردە، دەسەڵاتێکی ناوچەیی لە کوردستان هەیە بە قەد بەغدا دەسەڵاتی هەیە. ئەوەی ئێستا هەیە کێشەی میللیە، نەک زوڵمی قەومی و ئەمەش بە پێچانەوەی دەسەڵاتی ناسیونالستی و تایەفەگەری، بە دامەزراندنی سۆشیالیزم کۆتایی دێت، یان بە سکۆلاریزم و مافی هاولاتی بوونی یەکسان چارەسەر

دەبێت. ئێستا خەڵكی كوردستان ئەوەندە بەدەست ناسیونالیزمی كوردەوە دەچەوسێنەوە ئەوەند بەدەست ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسیەوە ناناڵێنن. ئەو سەنگەر لێدانەی ناوچە جیّ ناكۆكەكانی ماهیەتی دەسەڵاتی فیدراڵیەیە تا ئەمانە لەدەسەڵاتدا بن هەرجارەی لە قورنەیەكەوە ئەم كێشانە سەر دەردێنن. من بە دوری دەبینم حكومەتی عێراق بتوانی كوردستان داگیر بكات لەسەر بنچینەی كورد بوون زوڵمی قەومی لە كوردستان جێبەجیّ بكات لەم ئەوزاعە ناوچەییەدا.

**تا كاتێك كوردستان بەشێك بێت لە عێراق. خەباتی خەڵكی كوردستان یا دەبیّ بەشێك بێت لە خەباتی سەراسەری خەڵكی عێراق بۆ ژیانێكی باشتر، كە لە ڕاپەڕینی تشریندا ئەم ئەگەرە نزیك بوو، بەڵام خەڵك كوردستان تا ڕادەیەك تەماشا چی بوون، كاتێك خەڵكی كوردستان هاتنە ناو شەقامەوە تشرین خامۆش ببووەوە...**

**بۆپێشەوە: خەڵكی كوردستان بەشیوەی گشتی دژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمن و بەكردەوەش ئۆپۆزیسیۆنی بۆژوازی كورد، ئەڵتەرناتیفێكی باشتری دەسەڵات نییە و لەو ئاستەدا نییە، بتوانێت جڵەوی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵكی كوردستان بكات، خەڵكی كوردستان دەبیّ چی بكات، تا لەدەسەڵاتی یەكێتی و پارتی و هاوشیوەكانی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی ڕزگاری بێت؟ بەكورتی چ ڕیگاو ئەڵتەرناتیفێك بۆ باش بوونی ژیان و گوزەران و ئایندەی سیاسی كوردستان پیویستە؟**

**سمیر نوری:** خەڵكی كوردستان یەك لەحزە ڕانەوستاون لە خەبات دژی دەسەڵات لە كوردستان بەتایبەت بۆ باش بژێوی بۆ چەندان داواكاری سیاسی و كۆمەلایەتی تر، هەندیّ هێز بەناوی ئۆپۆزسیونەوە هەوڵیان داوە سواری شەپۆلی نارەزایەتیەكانی خەڵك بین زەربەی كوشندەی لیّ بدەن، بە تایبەت لە ١٧ شوباتدا. بەمانایەكی تر خەڵك كەمیان نەكردوە، خەڵك پیویستیان بە هێزیكی سیاسی سۆشیالستی و چەپی هەیە كە بیانپەڕێنتەوە لە ژێر نفوز و كاركردی ڕاستی كۆمەڵگە دەریان بهێنی. تا ئاڵوگۆڕێكی جدی لەهاوسەنگی هێزی نێوان چەپ و ڕاستی كۆمەڵگە بەبەرژەوەندی زۆرایەتی خەڵك تەواو نەبیّ زۆر چاوەڕوانی ئاڵ وگۆڕی جدی نەكەین.

كێشەی تر لەكورستاندا ئەوەیە كە خەڵكی ئەگەر لە دەستی دەسەڵاتی ناسیونالستی كوردی ڕزگاریان بێت لەڕیگای ڕاپەڕین و خەباتێكی جەماوەریەوە، لەگەڵ بەغدا ڕوو بەڕوون. خەڵكی كوردستان لە ژێر دەسەڵاتی حكومەتی بەغدا و پەرلەمانی عێراق و دەستوری عێراق دان، هەرێمی كوردستان لەژێر دەسەڵاتی بەغدا دایە، بۆیە خەڵكی كوردستان ناتوانن سیستەمیكی جیاواز لە سیستەمی سیاسی بۆ خۆیان لە كوردستان دامەزرێنن، تا كاتێك كوردستان بەشێك بێت لە عێراق. خەباتی خەڵكی كوردستان یا دەبیّ بەشێك بێت لە خەباتی سەراسەری خەڵكی عێراق بۆ ژیانێكی باشتر، كە لە ڕاپەڕینی تشریندا ئەم ئەگەرە نزیك بوو، بەڵام خەڵك كوردستان تا ڕادەیەك تەماشا چی بوون، كاتێك خەڵكی كوردستان هاتنە ناو شەقامەوە تشرین خامۆش ببوەوە. بۆیە ئەگەر بیانەویّ لە كوردستان مەسەلەی یەكلا بكەنەوە دەبیّ لە عێراق جیا ببنەوە كوردستان ببێتە ولاتێكی سەربەخۆ. ئەم كێشەیە بەڕاستی تەئسیری زۆری داناوە لەسەر خەباتی خەلكی كوردستان وخەڵكی عێراق، بوەتە لەمپەرێكی جدی بۆ سەرنەكەوتنی. بۆیە ئاسانترین ڕێگا ئەوەیە خەڵكی كوردستان لەگەڵ خەڵكی سەراسەری عێراق خەباتی سەراسەری دەست پیّ بكەن بۆ سیستەمێكی نوێی ئازادیخوازانە و یەكسانی خوازانە.

**بۆپێشەوە: لەكاتێكدا دەسەڵات متمانەی لای خەڵكی كوردستان نەماوەو ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی كورد لە ئاستی ئەوەدا نییە وەكو بزوتنەوەی گۆڕانی پێشوو سواری شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری خەلكی كوردستان بێت، چەپ و كۆمۆنیستەكان، لە كوێی بزوتنەوەی نارەزایەتی ئیستای خەڵكی كوردستاندا وەستاون؟**

**سمیر نوری:** من نازانم چەندە ئەوە ڕاستە كە ئۆپۆزسیونی بۆرژوازی كورد لە ئاستی ئەوەدا نییە سواری شەپۆلی نارەزایەتیەكانی خەڵك بێت، تا كاتێك بزووتنەوەیەكی كۆمۆنستی وسۆشیالستی نەبوویّ بە ڕابەری خەڵك، نەبووبێت بە قوتبێكی حساب بۆكراو لەكۆمەڵگەدا وەك یاری زانی سەرەكی سیاسی لە كۆمەڵگە هیوایەك نەبیّ بۆ خەڵك، بزووتنەوە كۆمەلایەتیەكانی تر دەتوانن بەرگ و چوارچیوەی تر بە خۆیان ببەخشن، خەڵك دوای خۆیان دەخەن بیّ ئومیدیەكی تریان بەسەر دا دەسەپێنن.

**ئاسانترین ڕێگا ئەوەیە خەڵكی كوردستان لەگەڵ خەڵكی سەراسەری عێراق خەباتی سەراسەری دەست پیّ بكەن بۆ سیستەمێكی نوێی ئازادیخوازانە و یەكسانی خوازانە...**

هەموو بزوتنەوەیەكی نارەزایەتی فراوان بۆ داواكاری ئابوری یان سیاسی خۆی لەتای تەرازوی چەپ و ئەتوانین بڵێن چەپیە، بەڵام ئەوزاعی عێراق بەشكڵێكە هەر یەكە لە شیعەكان و سونەكان و ناسیونالیزمی كورد دابەش بوون بەسەر چەند بەرەدا، كێشمەكێشەكانی نیوان ئێران و ئەمریكا، كاركردی هێزە ناوچەیەكان ودەوڵەتانی ناوچەكە خۆی لەسەر ناكۆكیەكانی پارتی و یەكێتی و هێزەكانی تری عێراق كاری خۆیان دەكەن. ئەم هێزانە خۆیان كەمتر وەك هێزێكی كۆمەلایەتی بۆرژوای ناوخۆیی كار ناكەن، بەڵكو زیاتر وەك لەكێشمە كێشە چارەنوس سازەكانەوە.

بە داخەوە لە ئێستادا هێزە كۆمۆنستەیەكان لەپەراوێزی ڕوداوەكانن لە كۆمەڵگەدا بە گشتی و هەتا لەبزووتنەوە خەباتگێڕی و نارەزایەتییە فراوانەكاندا دەورێكی زۆر كەمیان بەركەوتوە. كە دەبوایە ڕابەرانی بایكۆتی ماموستایان، ئێستا لەدەستی كۆمۆنستەكاندا بوایا، نەك ئەوانێش تەنها لێرەو لەویّ بەشداری و پشتیوانی بكەن كە دەبی بیكەن.

**بۆپێشەوە: گرژی و ناكۆكی نیوان پارتی و یەكێتی لەسەر دەسەڵات و داهات بەردەوامە، ئایا گوشارەكانی كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و بەغدا، هۆكاری بەرینبوونەوەی قڵشتی نێوانیانە، یان نەتوانین و ناتەبایی و ملنەدانی پارتی و یەكێتی بەداوای بەغداو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هۆكاری بەردەوامی ئەو گرژیانەیە؟**

**سمیر نوری:** ڕەنگە پارتی و یەكێتی هیچ كاتێك بەقەد ئێستا تەبا نەبوبێتن هەم لەتالان و بڕۆی كوردستان هەم لەدابەشكردنی دەسەڵات. مێژووی ڕەشی چەندان دەیە لە كوشت و كوشتاری نێوانیان شایەدی ئەم قسەیەی منن.

قبولكردنی تەرەفێكی سیاسی كۆمۆنستی لەگەڵ ئاوات ئارەزووە چەپیەكانی خەڵك فاسیلەیەكیان لە نێواندایە، ئەركی حزبی كۆمۆنستیە بتوانێت لەكۆمەڵگەدا دەوری ڕابەرایەتی توانایی ئەوەندە پێشان بدات تا كۆمەڵگە یان بەشی خەباتگێڕەكەی قبوڵی بكات و ڕیشی خۆی بداتە دەستی. كۆمۆنستەكان لە ١٩٩١ لە بزوتنەوەی شورایدا لەم ئەگەر نزیكبونەوە، بەڵام دواتر چونە قاوغەكەی خۆیانەوە دوور كەوتنەوە لە كێشە سەرەكیكانی ناو كۆمەڵگە و هیزی خێڵەكی و جیرەخۆری دەستی دەوڵەتانی ناوچەكە و هێزە جیهانیەكان كار دەكەن، خاوەن ستراتیژو نەخشەی دریژخایەنی خۆیان نین، بەڵكو بەپێی ئاڵوگۆڕەكان لولەی تفەنگەكانیان ئاراستە دەكەن. بۆیە هەر جارێك بەلایەكدا دەكەون و تەبایی و ناكۆكیەكانیانیش هەر بەو ئەندازەیەیە.

**بۆپێشەوە: لایەنە سیاسییەكان بەگشتی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی هەڵبژاردن وەكو ڕیگایەك بۆ دەرچوون لە دۆخی نەخوازراوی ئیستای كوردستان دەزانن، ئێوە لەوبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**سمیر نوری:** ئەوەی لە كوردستان و عێراق ئەنجام دەدریێت ناتوانریێت لەچوارچێوەی هەڵبژاردنی دیموكراتیانەی بۆرژوازیدا پێناسە بكرێت كە بۆ "هەر هاوڵاتیەك دەنگێك" بنچینەكەیەتی. بەڵكو ئەمە هەڵبژاردنی "لێو جەرگەی" یە، هەڵبژاردنی نوێنەرانی قەوم و قەبیلە و خێڵ و مەزهەبەكانە دەنگدەرانیش هاوڵاتی نین، بەڵكو ئەندامی خێڵ و قەوم و قەبیلەن. بۆیە هەڵبژاردنی تۆخكردنەوەی پێناسەی قەومی و دینی تایەفی عەشیرەتییە، هیچ كێشەیەك چارەسەر ناكات.

ئەوەی لەدەسەڵاتدایە و ئەوەی خۆی بە ئۆپۆزسیون دەزانی بەرنامەیەكی نییە لەدەرەوەی هیشتنەوەی ئەوزاع و ئەحواڵی كوردستان، بێجگە لەڕتوشێكی زۆر بیّ قابیل نەبیّ. ئەوان نانیان لەم هەڵبژاردنەدایە بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتیان.

من لە شوێنێكی تر ئێشارەتم بەبزووتنەوەی شورایی كوردستان كرد و جێگای و ڕێگای كۆمۆنستەكان لەو بزوتنەوەیەدا. ئەو بزووتنەوەیە ڕێگایەك بوو تا خەڵك دەسەڵاتی خۆیان لە خوارەوە دامەزرێنن، لە چارەنوسی سیاسی و ئابوری خۆیان چالاكانە دەور بگێڕن.

لەبارودۆخی ئێستادا، ئاسۆیەك كە هیوا بەخشە بۆ خەڵكی كوردستان، سەركەوتنی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" خەڵكی ئێرانە نەك بۆ خەڵكی كوردستانی عێراق، بەڵكو بۆ ئاڵوگۆڕی زۆر ڕیشەیی لە ناوچەكە و سەركەوتنی ئەم شۆڕشە مەسەلەیەكی زۆر چارەنوس سازە لە ئێستادا. پرۆسەی هەڵبژاردن بە دژی ئەم ڕەوەندی شۆڕشی ژن ژیان ئازادییە، دەبێت ڕیسوابكرێت و ئاسۆیەكی واقعی تەی بكرێت بۆ دەرباز بوون.

******

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

بنار مستەفا، ڕێبوار عارف، ئاسۆ شابان، وریای رەسام، توانا حەمە نوری، نەجم محەمەد، کاوان قادر،، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، مەنسور حیکمەت...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئاییندی سیاسی کوردستان"...


## دوا وتە

# لینین ژیا، لینین دەژی، لینین بۆ هەتا هەتایە دەژی!

لینین (٢٢/٤/١٨٧٠- ٢١/١/١٩٢٤) لەلایەن جۆن ڕید – نووسەری کتێبی دە ڕۆژ کە جیهانی هەژاند، شایەتحالی شۆڕشی ڕووسیا – وەک خۆشەویستترین و ڕق لێبووترین کەس لە ژیاندا وەسف کراوە. تەنانەت سەدەیەک دوای مردنیشی بەو شێوەیە دەمێنێتەوە.

لینین لەلایەن سەدان ملیۆن کەسەوە خۆشەویست بوو کە دەیانویست کۆمەڵگە بگۆڕن. بەڵام لەلایەن چینی دەسەڵاتدار و خزمەتکارانیانەوە ڕقیان لێیبوو.

هۆکاری ئەم ڕق و کینەیە بۆ ئەوەیە لینین ڕابەرێکی سەرکەوتوو بوو. لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بۆ یەکەمجار لە مێژوودا چینی کرێکاری ڕووسیا دەسەڵاتی گرتە دەست و لە دەستی خۆشیا هێشتییەوە.



ئەوان نیشانیان دا کە دەتوانن بەبێ یارمەتی خاوەنکار و بانکەکان کۆمەڵگە بەڕێوەببەن.

ئەمەش لەبەر ئەوە بوو چینی کرێکار سەرکردایەتییەکی هەبوو لە پارتی بۆڵشەفیک کە توانی شۆڕش بەرەو سەرکەوتن ڕابەرایەتی بکات.

لینین جارێک وتی سەرمایەداری کوشتن و برینی بێ کۆتاییە. سەرمایەداری ئەمڕۆ جگە لە هەژاری و ئازار و شەڕ هیچی ترمان پێشکەش ناکات.

هەر بەو هۆیەشەوە هەڵمەتی بوختان لە دژی لینین بەردەوامە. ناتوانن ڕێگە بە کرێکاران بدەن بیر لەوە بکاتەوە کە ژیانێکی باشتر مومکینە. و بۆیە ناوی لینین و بەلشەفییەکان دەبێت بە هەموو جۆرە درۆیەکەوە بلکێنن.

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەم ڕاستییە بەئەنقەست شێوێنراوە دووبارە ڕاست بکرێتەوە. بیرۆکەکانی لینین، نە کۆن بوون و نە دووریشن لەم سەردەمەوە، لە هەموو کاتێک زیاتر پەیوەندییان بەئێستاوە هەیە. ئامرازێکی بێ نرخ لە دەستی شۆڕشگێڕانی ئەمڕۆدا دابین دەکات.

هەروەک لینین جارێک وتی: "بەبێ تیۆری شۆڕشگێڕانە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بوونی نییە". لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی لینین و دروستکردنی پارتێکی کۆمۆنیستی کرێکاری لەسەر هێڵی بەلشەفییەکان، بۆ ئەوەی خەباتێکی سەرکەوتوو بۆ سۆشیالیزم بهێنێتە ئاراوە، پێویستە بۆ کۆمۆنیستەکان و شۆڕشگێڕانی ئەمڕۆ.

ڕەنگە لینین ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر مردبێت، بەڵام بیرۆکەکانی تا ئێستاش زیندووە. بە وتەی شاعیری ڕووسی ڤلادیمێر مایاکۆڤسکی: "لینین ژیا، لینین دەژی، لینین بۆ هەتا هەتایە دەژی"!

**توانا محەمەد نوری**

**بە دەستکارییەوە لە ئینگلیزیەوە کراوەتە کوردی.**

# فشارەکان شکستییان هێنا




لە دوای ئەوەی دەسەڵات هەموو هەوڵە حیزبیی و ئیدارییەکانی خۆی لەمڕۆدا بۆ کردنەوەی دەرگای خوێندگەکان چڕکردبۆوە، هەر لە ئاگادارکردنەوەوە تا زمانی هەڕەشە و سزادان بەرامبەر مامۆستایان و بەڕێوبەرە بەهەڵوێستەکان. لە هەمان کاتیشدا، وەک بەشێک لە فشارەکان، میدیا فەرمیی و سێبەرەکانی دەسەلات چاوەڕێی ڕووماڵی کردنەوەی دەرگاکانی خوێندن بوون. بەڵام خۆشبەختانە ئیرادەی بەهێزی مامۆستایان و پێداگرییان لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانیان، هەنگاوێکی تری فشارەکانی دەسەڵات بۆ بە زۆر کردنەوەی دەرگاکانی خوێندن لەسەرجەم شاروشارۆچکەکان، شکستی پێهێنرا.

لێرەوە جارێکی تر بە دەسەڵات دەڵێینەوە، ڕێگای کردنەوەی دەرگای خوێندنگەکان فشار و هەڕەشە نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی داواکارییەکانە. ئێمە بایکۆتمان کردووە تا جارێکیتر بایکۆت نەکەینەوە. بۆیە تا وەڵامێکی کرداریی دڵنیاکەرەوە وەرنەگرین،بەردەوام دەبین و لە نزیکترین دەرفەتدا لە شەقام دەبین .

لە کۆتاییشدا سوپاسی هەڵوێستی مەردانە و بوێرانەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکانییان دەکەین.

شەکاوە بێت ئاڵای خەباتی مەدەنیی

**ئەنجومەنی سەرتاسەریی مامۆستایانی ناڕازیی**

**٢٠٢٤ / ١ / ٩**

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام

